

# دیدار

# لە ستایشی ئەدەبدا

دیدارێک لەگەڵ

## شێرزاد حەسەن

سازدانی: شاخەوان سدیق




شێرزاد
حەسەن


**ساڵانێکی زۆره هەمووان مەستی خوێندنەوەی بەرهەمە ئەدەبیەکانی ئەوین، ئەوێك كە دەمانباتەوە ناو ناخی خۆمان و دەمانخاتە بەردەم پرسیارە شەرمنەکانی خودەوە، ڕۆژێك بەدەم چاخواردنەوە، لە یەکێك لە کافێکان لەگەڵ (شێرزاد حەسەن) کەوتینە گفتوگۆی ئەدەبی کە سەرەنجام ئەم دیدارەی لێکەوتەوە**

شێرزاد حەسەن و شاخەوان سدیق



*** مامۆستا با سەرەتا بپرسین پەیوەندی ئەدەب بە ژیانەوە چییە؟ بەتایبەت ئەدەبیاتی تۆ، یان ئیشکردنی تۆ لەنێو ئەدەبدا لە ڕوانگەی مرۆڤپەروەرییەوە چۆنچۆنی هەڵیدەسەنگێنێت ؟**

_ شێرزاد حەسەن: ئەدەب و ژیان دووانەی یەک سکن، بە شێوەیەکی ئۆرگانیکی پەیوەستن بە یەکەوە، من ناتوانم مەزەندەی زیندەگی خۆم بکەم لە دەرەوەی دونیای هونەر و ئەدەبدا، ڕێک وەک ئەوە وایە بە من بڵێیت کە وەک تەنێکی ئادەمییانە پەیوەندی نێوان گۆشت و ئێسقانەکانم چییە؟ کە دیارە بۆ من وەها ئاوێتەن کە من بۆم لێکدی جیا ناکرێنەوە، گەر وا نەبێت..ئیدی من نابم و نیم. بۆ من نەنکم یەکەمین سەرچاوە یەکە حەز بە داستان و ئەفسانە و هەقایەتی کۆن بکەم، لە پاڵ سەرسامیم بە «رادیۆی کرماشان» کە تاکە دەروازەیەک بوو بۆ من کە شەوانە بە زنجیرە چیرۆکەکانی ئاشنا دەبووم کە خەیاڵی منی ئاگر دەدا، دیارە لەتەک دەنگی زوڵاڵی «شوکرڵلای بابان» کە شیعری کلاسیک و نیوکلاسیک و تازەی دەخوێندەوە، دەکرێت بڵێم وەک سێ سەرچاوە سادە بوون، بەڵام بۆ من بوون بە هۆی گەشەکردنی چێژی ئەدەبی، بەڵام گۆڕانکاری سەرەکی لە ژیانی مندا ئە کاتە بوو کە لە پێچێکی ژیانمدا و لە تەمەنی دە سالیدا دایکم دەمبات بۆ مزگەوتێك و لای «مەلا حەسەن» ناوێک، لە گەڕەکی (کوران/هەولێر) بۆ ئەوەی لە ئایندەدا پیاوێکی چاکەکار و جوامێرم لێدەربچێت، دایکم دەیخواست لە باوکم نەچم کە پۆلیسێکی قومارچی و بێباک بوو وەک باوک و مێرد، دیارە بۆ ماوی سی (30) ساڵ سەرگەرمی قومار بوو. دوا جار من توانیم لە ماوەی دوو ساڵدا قورئان «خەتم» بکەم کە ئیدی زمانی عەرەبی دەبێتە سەرچاوەیەک کە من دوای چوار ساڵێک بایی ئەوەندە کتێبی دینی و غەیرە دینیش بخوێنمەوە، ئیدی بتوانم خۆم لە قەرەی هەندێک کتێبی فیکر و ئاییناسی و بگرە ئەدەبیات: ڕۆمان و چیرۆک و شانۆگەری و شیعریش بخوێنمەوە، دیارە سینەماش بۆ



**سیاسەت و ئایین لەم کۆمەڵگایەی ئێمەدا بەردەوام وەڵامی ئامادەی هەیە بۆ هەموو پرسیارێك. بە پێچەوانەوەی ئەدەبەوە کە بە هیچ وەڵامێك قایل و ئاسوودە نییە، ئەدەبیات دژی پیرۆزی و رەهاگەری و یۆتۆپیایە. ئەوە ئەدەب بوو کە منی ساغ کردەوە کە مکوڕ و رژدبم لەسەر داماڵینی پیرۆزی لە هەموو شتێک کە ببێت بە بیانووی تەڵاقدانی ئاوەز و عەقڵ.**

من هەمدیس سەرچاوەیەکی سەنگین بوو بۆ تێگەیشتنم لە جیهانێک کە هەموو شتێکی بۆ منی کەودەن نوێ بوو. سەرەتا بە نامیلکەی سادە دەستم پێکرد و دوای ساڵانێک توانیم پەرە بە تواناکانی خۆم بدەم، لە دوا ساڵی قۆناغی ئامادەییدا ئاشنا دەبم بە سۆفی و عاریف و فەیلەسووفە ئیسلامییەکان، بە تایبەتی (فارابی و کندی و غەزالی و ئیبن حەزم و رازی) و لە هەموویان کاریگەرتر «ئیبن روشد» کە راشناڵ/ عەقڵانی بوو، من بەختم هەبوو کە عاریفە گەورەکانی ناو فیکری ئیسلامی هاوڕێ لە تەک فەیلەسووفەکانی ئیسلامیم ناسی کە دەمبەنەوە سەر فیکر و خوێندنەوەی ژمارەیەک لە فەیلەسووفانی «یۆنان»ی، هاوکات ئاشنا دەبم بە فەیلەسووفانی رۆژئاواش، ئەوەش بووە سەرچاوەیەک بۆ بیرکردنەوە و تێڕامان. واتا کە قورئان دەخوێنم بایی ئەوەندە فێری عەرەبی دەبم کە پێی بخوێنمەوە، ئەوەش وای کرد دوورەپەرێز بم کە لە غەیری قوتابخانە و دەرس و دەور و موتاڵای فیکر و ئەدەبیات خۆم بە هیچ شتێکی دیکەوە سەرقاڵ نەکەم، دیارە لەو سەردەمەدا خوێندن لە قۆناغی سەرەتایی بە کوردی بووە، بەڵام لە قۆناغی ناوەندی و ئامادەییدا هەر هەموو وانەکان بە عەرەبی دەوترانەوە، کە دیارە لە سەرەتای سەدەی بیستەوە ئینگلیز سیستمی پەروەردەی تازە دەیهێنێت کە بە بڕوای من کۆکتێلێکە لە رۆح و رەوشتی دەرەبەگی و میلیتاری/ سەربازی پێکەوە، بۆ من لە تەک «حوجرە»دا، قوتابخانەش سەرچاوەیەکی دیکە بۆ هۆشیاری و زانست و زانیاری سەبارەت بە ناسینی خۆم و مرۆڤ و ژینگەی دەوروبەر. من مێژووی فتوحات و غەزەواتی عەرەبی و ئیسلامیم لە وانەی مێژوودا دەخوێندەوە کە ئەوسا بڕوام وابوو کە جەنگاوەرانی بیابان-نشین بە ناوی خوداوە ئایینێکی تازەیان بۆ ئێمە هیناوە کە رزگاری کردووین لە ئاگرپەرستی، زۆریش ئاسوودە بووم، بەڵام لە قۆناغی زانکۆدا کە دەبمە خوێندکاری کۆلێژ لە بەشی «زمان و ئەدەبی ئینگلیزی›

وەردەگیرێم، ئیدی دەستەڵاتم بەسەر دوو زماندا دەشکێت، سەرباری زمانی دایک، کە پتر خوو دەدەمە فیکر و فەلسەفەی رۆژئاوایی کە فێری گومان و پرسیارم دەکەن، لە دوا ساڵی زانکۆدا دەگەمە ئەو براوەیەی کە ئێمەی کورد لەلایەن عەرەبەوە، بەڵام بە ناوی یەزدانەوە داگیر کراوین وەکو (خاك و خەڵك).

یەکێك لەو شتانەی کە من لەو کاتەدا دەمخوێندەوە بە سۆزێکی گەرمەوە فیکری مارکسی لەتەک فەلەسەفەی «بونگەرایی» لە رێگەی خودی «ژان پۆل سارتەر»ەوە کە گومان و پرسیاری سەرەخۆرەم دەبێت، دیارە لەتەک «مارکس» منیان کرد بە خانەی گومان و پرسیاری قورستر. کەواتە دەمەوێت بڵێم: ڕامان و بە دواداچوونم بۆ کۆمەڵێك فەیلەسوفی رۆژهەڵاتی و رۆژئاوا منیان تووشی پرسیارگەلێک کرد کە ئایین و کارمەندکانی لە منیان قەدەغە کردبوو، هەر خودی ئەو گومان و پرسیارانە هانم دەدەن بە قووڵی حەزم بە شیکاری و تەتەڵەکردن و دۆزینەوەی ماناکانی ئەو میراتە بێت کە پتر لە سێزدە سەدە بوو من و نەتەوەکەمی گەمارۆ دابوو کە مەبەستم کۆی میراتی فیکری ئیسلامییە، کە دیارە بڕواشم بەوە هێنا وەک «مارکس» واتەنی: هەموو رەخنەیەک بەتاڵە، گەر لە رەخنەکردنی ئایینەوە دەست پێنەکات. ئەگەر باس لە ئەدەبیات بکەین کە لە سەردەمە دێرینەکاندا و بگرە بەر لە مێژوو زارەکی بووە نەک تۆمارکراو. ڕەنگە تەمەنی ئەو زارەکییە من نەیزانم، بەڵام لەو کاتەوەی مرۆڤ فامی کردۆتەوە و زمانی پژاوە و فێری قسە بووە، حەزی بە داستانبێژیی بووە. واتا ئەدەبیات بەشە زۆرەکەی نادیارە کە فریا نەکەوتووین تۆماری بکەین. ئەدەبیات بەر لە هەرشتێك ئەفسانە و بەیت و باڵۆرە و داستان و شیعری زارەکیی بووە.

کەواتە بێجگە لە کتێبی قوتابخانە، یەکەمین کتێب، کە دەیگرمە باوەشم قورئان بووە کە دوچاری تێڕامان و بیرکردنەوەم دەکات، لە پاڵ گومان و پرسیاری خنکاو لە مێشکی تازە گەییوی مندا، وەک سەرەتا من پتر کەوتمە ژێر کاریگەریی زمانی عەرەبی، چونکە زمانی قورئان بوو کە پیرۆزی بەسەردا دەبڕێت مادامەکی لە ئاسمانەوە هاتووە، کە دواتر من دەگەمە ئەو بڕوایەی کە مێژووکردەیە. سەرەتای ئەزموونی نووسینی دەقە ئەدەبییەکانم بە زمانی عەرەبی بوون کە بیرمە تەمەنم لە دوازدە یان سیازدە ساڵان سەرووتر نەبووە کە بە ڕێکەوت لە ماڵی مەلایەکی نیمچە مارکسی، کە دراوسێ بووین و ناوی (مەلا هەمزە) بوو کە ئەوسا هەزار و یەك شەوەی دەخوێندەوە، ڕۆمانێکی (ئەمیل زۆلا) دەدۆزمەوە، بەرگەکەی سەرنجم ڕادەکێشێت کە کچێکی ملوانکە لە مل بەرگەکەی نەخشین کردبوو، نوسرابوو (الفریسە/ واتا: نێچیر).

دیارە هەر «مەلا هەمزە» وایکرد من ئاشنا بم بە (هەزار و یەك شەوە) کە دواتر نوقمم دەکات لە فانتازیا و خەیاڵی زێدە ئازاد. دواتر لە رێگەی ئاشنابوونم بە نووسەرانی کێشوەرەکانی دیکە کە کاریگەری «هەزار و یەک شەوە» بەسەر زۆربەی نووسەرانی ئاوروپا-وە هەست پێدەکرێت: نموونەی «لویس بۆرخس».

بۆیە من لەپاڵ قورئان-دا، کە زمان و هێز و دەسەڵاتم بەسەر عەرەبی -دا دەشکێت. پەیتا پەیتا فێری خوێندنەوە دەبم، رێکەوتێک بووەتە هۆکار کە من دواتر ببم بە مۆرانەی کتێبان، ئیدی وای لێدێت

کە من لە قۆناغێکی درەنگتردا کە دەبم بە مامۆستا چەند کۆرسێک سەبارەت بە سایکۆلۆژیا دەخوێنم کە کۆمەکم دەکات من پتر بایەخم بۆ ناسینی خۆم و خەڵکی دەوروبەرم هەبێت.. زیاتر گرم دەدات خۆم و دونیا و ژینگەی دەوری خۆم بناسم کە دەبێت بە سەرچاوەیەک بۆ دەوڵەمەندکردنی ئەدەبیاتی من کە رەهەندێکی رەوانی و دەروونی تێدەکەوێت.

*** زۆرجار قورئان یان دەقە پیرۆزەکان کەسی دۆگما بەرهەم دەهێنن بۆچی لای تۆ بووە هۆی ئەوەی کە گومان و پرسیار بکەیت؟ بۆچی کەسێکی دۆگمایی نیت؟**


_ شێرزاد حەسەن: لەو رۆژگارەی کە من باڵق دەبم، سەرەتای شەستەکان، چەپگەرایی لە کوردستاندا باوی بوو کە ژمارەیەکی زۆر لە خەڵکی هاوسۆزی ئەو تەوژمە بوون، لەسەر ئاستی چینایەتی خەڵکانی بەشمەینەت ئەو بزاف و رەوتەیان بە فریادرەسی خۆیان دەزانی، هەتا گەر بە شێوەیەکی رێکخراوەیش نەبووبێت کە لە دەوری «حیزبی شیوعی» کۆ دەبوونەوە، ئەدەبیاتی مارکسی و بگرە وێژە و بەرهەمی ئەدەبی هەر دوو قۆناغی «رووسی» و «سۆڤییەتی» زێدە بەربڵاوبوو کە بە نرخێکی هەرزان دەست دەکەوتن، من سەر بە خانەوادەیەکی هەژار بووم کە نەمدەتوانی کتێبان بکڕم. گەڕەکەکەی ئێمەش بێجگە لە کتێبی ناو مزگەوتەکان کتێبی دیکەی تێدا نەبوو، گەر هەشبووبێت دیوانی شیعری کلاسیکی و نامیلکەکانی وەک خورشید و خاوەر، شیرین و فەرهاد، ئەمیر ئەرسەلان، شێخی سەنعان) هەبوون، دیارە «مەلا هەمزە» تاکە کەسێک بوو کە من ئاشنای بم و ئەدەبیاتی مارکسی بخوێنێتەوە. بۆیە بەلامەوە سەیر نەبوو کە «مەلا هەمزە» (ئەمیل زۆلا) بناسێت؟ چونکە چەپلەرەکان و شیوعییەکان عاشقی ئەو ڕۆماننووسە بوون، بگرە ژمارەیەکیان ناوی کچەکانیان ناو دەنێن (نینا) کە ناوی یەکێک لە رۆمانەکانییەتی. من لە تەمەنێکی زۆرکاڵدا لە دەفتەرێکدا خەیاڵ و ختوورەی خۆم دەنووسییەوە، هەندێکجار خولیام ئەوە بوو کە شەڕەکانی دایک و باوکم بنووسمەوە کە گۆبەندەکەی پەیوەست بوو بە قومارکردن و دۆڕاندن. ئەو کاتە کەس نەبوو گوێم لێبگرێت و قسەی بۆ بکەم، کەس نەبوو قەهری خۆمی لەلا هەڵبڕێژم، ئەوەی راستی بێت کە من بۆ خۆم ناچار بووم کە ئیدی وەک نۆبەرەی ماڵ، لە پاڵ خوێندنی مەکتەب بیر لە پەیداکردنی پارە بکەمەوە بۆ راستکردنەوەی باری ناهەمواری خۆم و خانەوادەکەم کە دیارە ئەوەیان ئەزموونێکی دەوڵەمەندتری پێبەخشیم.

بە واتا من بووم بە سۆزداری چەپلەرەکان کە کەوتمە ناو تۆڕێک لە رەنجدەر و خەڵکانی ماندوو بەدەست زیندەگی قورسەوە، هاوکات قووڵبوونەوەم لە دونیای فیکر و فەلسەفە و ئەدەبیات: رۆمان و چیرۆک و شانۆگەری و شیعر و سایکۆلۆژیا...هتد. بەڵام لەو ڕۆژگارە (ژان پۆل سارتەر)، لەوکاتەدا سێبەرێك بوو بەسەر سەری هەموومانەوە، «مارکس»یش لەولاوە. ئیدی من کەوتمە نێوان دوو بەرداشەوە: ئایین بە قۆرغکردنی هەقیقەت بۆ خۆی، جێگیربوون لە ناو یەقینگەرایی و بانگەشکردنی بۆ چەشنێک لە یوتۆپیا کە بە کورتی من بۆ چەندین ساڵ سەرم هەڵدەبڕی بۆ ئاسمان و رۆحی «ئایدیالیزم» منی دوور خستبۆوە، کە سەیری بەر پێیەکانی خۆم بکەم و ژیان بە دیوە رۆشن و هەم تاریکەکەی ببینم، هەڵبەتە دەکرێت قەرزاریاری خۆم

بۆ هەموو ئەو میرات فیکرییە بگێڕمەوە کە منیان خستە سەر ڕێگای هەموو ئەو بیریار و دانا و زانایانەی کە «ماتریالیزم»یان پێناساندم کە ئیدی سەدەها دەرگایان بۆ من کردەوە بۆ ئەوەی بپرسم و نەترسم، گومان بکەم و نەسرەوەم، کە زانکۆم تەواو کرد من ببووم بە خاوەن هێزێکی عەقڵی کە بۆ هەمیشە خۆم لە خورافاتی ئایین و سیاسەت رزگار بکەم، چونکە هەر ئەو کات هەستێکم لە لا دروست بوو کە دوو کایە هەن دۆگما بەرهەم دێن کە سەرەتا بۆ من ئایین بوو، کەمێک درەنگتر سیاسەت بوو، بە تایبەتی کە بە دزییەوە و بە قاچاغ لە تەک ژمارەیەک لە دۆستان بە دزییەوە ئەو کتێبانەمان دەخوێندەوە کە درۆی یوتۆپیا لە یەکێتی شۆرەوەی بۆ ئێمە بسەلمێنێت، جۆرێک بوو لە یەقینگەرایی دینی، دیارە ئەوەش وایکرد کە میراتی فیکری خودی مارکس قووڵتر دەور بکەینەوە کە ئاخۆ شکستی شۆرشی ئۆکتۆبەر دەکەوێتە ئەستۆی مارکس یان ئەوانەی کە خۆیان بە خەونهێنی کۆمۆنیزم دەزانی، بۆ من خۆشی لەوەدابوو کە هەموو ژیانم بوو بە پرسیار و گومانکردن لە هەر هەموو ئایدیۆلۆژیای سەرزەمینی و هەم ئاسمانی، بە راستی پتر لە هەر سەرچاوەیەک بۆ من کە منی گۆڕی خودی ئەدەبیات بوو، کە بڕوای بە پیرۆزی و یوتۆپیا و ڕەهاگەری و تاک-هەقیقەتی نەبوو، هیچ گومانی تێدا نییە کە «ژان پۆل سارتەر» و هاوژینەکەی «سیمۆن دی بۆڤوار» دوو سەرچاوە بوون کە وایان کرد ڕێز لە خودگەرایی خۆمان بگرین و نەچینە ناو مێگەلگەرایی بە مانای ئەوەی ڕێز لە سەربەستی و



هەڵبژاردنەکانی خۆمان بگرین، بە واتا تاکگەرایی ئاوازێکی خۆش بوو بۆ ئێمەی گەنج کە کەڵکەڵەی یاخیگەری سەرمەستی کردبووین. «سیمۆن دی بۆڤوار» پتر منی ئاشنا کرد بە چەوساندنەوەی رەگەزی مێینە بە درێژایی مێژوو، بەڵکو بۆ من شتێکی تازە بوو کە بزانم



باوکی شێرزاد

یەکەمین چەوساندنەوەی چینایەتی و بگرە توخمگەرایی دەرهەق بە ژنان بووە لە مێژوودا. کەواتە وجوودییەت یان بوونگەرایی بۆ خۆی کرینەوەی «زات / خودگەرایی» ئێمە بوو. من نەمدەزانی لە ناو دۆخێکی مێگەلگەرایی دەژیم، هەر ئەوسا کەوتینە گومانکردن لە پیرۆزی خانەوادە وەک دەزگایەکی چەوسێنەر بەرامبەر بە نەوەی تازە. دیارە مرۆڤایەتی هەم لە رۆژئاوا و هەم لە رۆژهەڵات بە درێژایی هەزارەها ساڵ بە قۆناغی مێگەلگەرایی تێپەڕیوە، من گومانم هەیە تا هەنووکە (فەردانییەت / تاکڕەویی یان تاکگەرایی) لای ئێمە چەکەرەی کردبێت. هەر هەمان ترس و گومان لەوەی من نەبم بە گیاندارێکی ملکەچ دەنێو ئەو رۆحی ئەو «گاڕانیزم»ە، ئامادە نەبووم ببم بە ئەندام لە هیچ حیزبێکدا کە لای من ئالتەرناتیڤی باوکێکە کە کاری خەساندنی نەوەکانی خۆیەتی، باوکێک لە فۆرمی دەزگایەکی زەبەللاحدا کە وامان لێدەکات بێهێزی خۆمان بشارینەوە لەژێر چەتری هێزێکدا کە ناوی حیزبە یان بگرە ئایین و مەزهەبە. دەبوو من عەقڵێکی نەسرەوتم هەبێت، ئەوەش بێ کۆشش و رەنجی زۆر و خوێندنەوەی کتێبە هارەکان ئاسان نەبوو. ئیدی من گەیشتمە دۆخێک کە میتافیزیك تەڵاق بدەم بەو مانایەی کە نەدەکرا عەقڵی خۆم دابخەم و سەر بە گروپ و رۆحی دەستەجەمعی ببم. ئیدی چیتر سەر هەڵنەبڕم بۆ ئاسمان و هەر هەموو گرفت و کێشەکانم لە سەرزەمین فەرامۆش بکەم. لە نێوان هەر دوو بەرداشی «ئایدیالیزم» و «ماتریالیزم» لە دۆخێکی ناجێگیر بووم تا ماوەی دوازدە ساڵان، لەو کاتەدا من رێك لەو دۆخە سەیرەدا بووم کە سەرم لەناو دەمی شێرێکدا بێت، هەر دوو لاقیشم لەناو دەمی پڵنگێک، هەردووکیان

لـە نێـوان خۆیانـدا ڕامبکێشـن بیانەوێـت بمخـۆن. بـەڵام مـن تەقـەلام دەدا هیچیـان نەمخـۆن. کاتێکیـش گومـان لـە میتافیزیـك دەکـەم و بـە ئاشـکرا گوزارشـتی لێدەکـەم، لـە لایـەن دۆسـت و ئاشـنا و ڕۆشـناوە بـەر نەفرەتێکی گـەورە دەکـەوم. تائێسـتاش ئـەو نەفرەتـە هـەر بـە دوامەوەیـە و بەردەوامـە. هاوکاتیـش مـن لـە ڕێگـەی چەوساندنەوەی نووسـەرانی سـۆڤییەتەوە تێگەیشـتم کـە «دۆگما»ی ئاییـن و سیاسـەت کـە دەگـەن بـە بنبەسـت دووانـەی یـەک سکن، بـە تایبەتـی لـەو قۆناغـەی کـە «سـتالین» وەک دکتاتۆرێـک دەکەوێتـە نـاو پاکتاوکردنـی نەیارەکانـی کـە ژمارەیەکـی زۆر لـە نووسـەران و هونەرمەندانـی گرتـەوە.

سیاسـەت و ئاییـن لـەم کۆمەڵگایـەی ئێمـەدا بـەردەوام وەڵامـی ئامـادەی هەیـە بـۆ هەمـوو پرسـیارێك. بـە پێچەوانـەوەی ئەدەبـەوە کـە بـە هیـچ وەڵامێـك قایـل و ئاسـوودە نییـە، ئەدەبیـات دژی پیـرۆزی و ڕەهاگـەری و یۆتۆپیایـە. ئـەوە ئـەدەب بـوو کـە منـی ساغ کـردەوە کـە مکـوڕ و ڕژدبـم لەسـەر داماڵینـی پیـرۆزی لـە هەمـوو شـتێک کـە ببێـت بـە بیانـووی تەڵاقدانـی ئـاوەز و عەقـڵ. بـە واتـا مـن زانیـم ڕێـگای دۆزەخ بـەرەو کـوێ دەمبـات، مـن خەونـی گەیشـتنم نییـە بـە بەهەشـت: نـە لەسـەر زەمیـن و نـە لـە ئاسـمان، بەڵکـو پرسـیاری مـن لـەوەدا چـڕ بۆتـەوە کـە ئـەو دۆزەخـە بۆچـی هەیـە؟

***ئەوکاتـەی کـە تـۆ دەچیتـە نـاو دنیـای ئەدەبیـات و دەسـت بـە نووسـین دەکەیـت، ئەدەبیاتـی کـوردی بەتایبـەت نووسـین لـەو سـەردەمەدا دابـەش دەبێـت بەسـەر دووجـۆری سـەرەکی لـە بیرکردنـەوە، جۆرێکیـان باسـکردنە لـە چینـی دەرەبـەگ و جووتیـار جۆرێکیتریـان باسـکردنە لـە شـۆڕش و خەبـات لـە نـاو ئـەم هەمـوو هەنگامەیـەدا تـۆ ئـەو هەمـوو شـتانە بـە جێدەهێڵیـت و ئـاوڕ لـە کەسـە فەرامۆشـکراوەکان دەدەیتـەوە، دەگەڕێیتـەوە بـۆ خودگەرایـی و سـەر شـتە بچۆڵـەکان. چـی وای لێکردیـت بگەڕێیتـەوە سـەر مـرۆڤ؟**

_شـێرزاد حەسـەن: مـن بـە ختـم هەبـوو کـە هـەر لـە سـەرەتاوە بـە ئەدەبیاتـی ڕۆژئـاوا ئاشـنا دەبـم کـە ئەدەبێکـی سـەنگینە بـە خودگەرایـی و ئاوڕدانـەوە لـە کەسـە تەنیـا و نامـۆکان، بـە تایبەتـی چیرۆکـی کـورت، مـن زۆر هـاوڕام لەگـەڵ ئـەو دیدگایـەی «میـلان کودێـرا» کـە دەڵێـت، «ئەدەبـی داسـتانئامێز ستایشـکردنی بەزینـە.» بـەو مانایـەی کـە بـۆ هەمیشـە مـرۆڤ گیرۆدەیـە و شکسـت و نوچـدان چاوەڕوانـی دەکات. ئـەو کاتـەی کـە (بـۆرس باسـترناك) شـاربەدەر دەکرێـت کـە هەمـوو تاوانەکـەی ئـەوە بـووە ڕێـزی لـە خودگەرایـی و تاکگەرایـی دەگـرت، دیـارە هـەر هەمـان چارەنووسـی «سۆلجنسـتین» و سـەدەها نووسـەری دیکەشـی گیـرۆدە کـرد. ئەوکاتـەی مـن وەک گەنجێـک خولیـای ئەدەبیـات بـووم «شـۆڕشی قوتابیـان» وەک بەرجەسـتەی خودگەرایـی و یاخیگـەری لـە جـۆش و خرۆشـدابوو کـە تیایـدا نووسـەران و شـاعیران و هونەرمەندان ڕۆلیـان هەبـوو لـە گڕدانـی ئـەوە بـزاف و جمبوشـەدا، کـە کاریگـەری لەسـەر مـن و نـەوەی مـن هەبـوو، بـە تایبەتـی ئەوانـەی بـە ئەدەبیـات و فەرهەنگـی ڕۆژئاوایـی ئاشـنا بـوون. خـودی ئـەو شۆڕشـە گومانکـردن بـوو لـە پیـرۆزی باوکـەکان، خـودی خەیاڵـی شـاعیرانەش ببـووە ڕابـەری ئـەو شۆڕشـەی کـە بانگەشـەی تازەگـەری دەکـرد کـە دیـارە شادروشـمیان ئـەوە بـوو: (بەڵـێ بـۆ خۆشەویسـتی و نەخێـر بـۆ جەنـگ) کـە ئامـاژە



بـوو بـە دوو جەنگـی یەکـەم و  دووەمـی جیهانـی و سـەرتاپاگیر لـە سـەدەی بیسـتەمدا. هەڵبەتـە بوونیشـم لـە بەشـی زمـان و ئەدەبیاتـی ئینگلیـزی بـە تـەواوی ئاسـۆکانی روانینـی منـی فروانـتر کـرد، لـە کۆلێـژی ئەدەبیاتـدا کۆمەڵـێک مامۆسـتا و پرۆفیسـۆری نـاوداری عیراقـی  وایـان کـرد قووڵـتر لـە نێـو ئـەو زەریـای فیکـر و ئەدەبیاتـی ئینگلیـزی مەلـە بکـەم. مانـەوەی مـن لـە بەغـدا بـۆ خـۆی سـەرمایەیەکی گـەورە بـوو کـە باشـترین فیلـم و شـانۆگەری و پیشـانگای هونـەری شـێوەکاری و جۆرەهـا چالاکـی فەرهەنگـی کـە بـە تـەواوی جیهانـی منـی ئـاوەدان کردبـۆوە. دوا جـار نووسـین بـۆ خـۆی کردەیەکـی خودگەرایـە و ئاراسـتەی خودێکـی دیکـە دەکرێـت، جوانـی ئـەدەب لەوەدایـە  کـە بـە هەمـوو خودگەرایـی خۆیـەوە دژی رۆحـی نارسـیزمە کـە بـە خۆپەرسـتی بـگات، هـاوکات رۆح و زیهنییەتێکـی رەخنەگرانەمـان پێدەبەخشـێت. بـە رای مـن گەڕانـەوە بـۆ خودگەرایـی گەڕانەوەیـە بـۆ مرۆڤبوونـی خـۆت و ئەوانیدیکـەش.

***حەزەکـەم سـەرنجی تـۆ بزانـم لەسـەر وتەیەکـی بەختیارعـەلی دەڵێـت : مـرۆڤ، کـە شکسـت دەهێنێـت لـە زۆر شـتی ژیانـی خۆیـی ئینجـا هەوڵـدەدات مومارەسـەی نووسـین بـکات، یـان ڕووبکاتـە نووسـین.  تـۆ هیـچ پەیوەندییەکـت لەگـەڵ شکسـت و نشوسـتی هەیـە کـە  تایبـەت بێـت بـە نووسـین؟.**

_شـێرزاد حەسـەن: بێگومـان مـن شکسـتی خۆمـم دەنوسـییەوە، بـەڵام نەمدەزانـی ڕۆژێـك دێـت کـە تـۆ دیـدارم لەگەڵـدا سـاز بکەیـت. نووسـین بـۆ مـن گەمەیەکـی پـڕ نهێنـی بـوو وەک دەسـتپەڕ، چونکـە نەمدەویسـت دایکـم و باوکـم بزانـن، بـە تایبەتـی کـە مـن دەمەقاڵـی و شـەڕەکانی


ئەوانم تۆمار دەکرد، دەشمزانی ئاسان نەبوو بیزانن کە هەردووکیان نەخوێندەوار بوون، بەڵام ترسێکم لە دڵدا هەبوو، یان وەک باری دەروونی هەستم بە خیانەت و بێڕەوشتی دەکرد، کە نهێنییکانی ماڵی خۆمانم دەنووسییەوە. وتەکەی «بەختیار عەلی» لەوەدا ڕاستە کە (ئادلەر)ی دەروونناس باس لە گرێ و گواڵی مرۆڤ دەکات، جا چ جەستەیی بێت و چ دەروونی، کە وا لە مرۆڤ بکات داهێنان بکات، دەکرێت نووسین بۆ خۆی پڕکردنەوەی ئەو کەمبوودی و گرێ دەروونییانە بێت کە هەمانە، واتا کۆمپلێکستی یان بە عەرەوی «مرکب النقص». ئەگەر بگەڕێینەوە لای «ئادلەر» وا سەیری کەسێك دەکات کە شکستێکی هەیە لە باری کۆمەڵایەتی کە مایەی نەنگی بێت، هەوڵدەدات بە جۆرەها چالاکی دیکە ئەوە نەنگییە لە خۆیدا دابتەکێنێت، خۆ دەکرێت دیوی ئەرێنی هەبێت وەک داهێنان یان بە نەرێنی و بەدکاری پڕی بکاتەوە: جا فیزیکی یان سایکۆلۆژی.

***فرۆید دەڵێت: چەپێنراوەکان دەگەڕێنەوە، بۆ نموونە شێرزاد-ی تا بیست ساڵان کۆمەڵێك چەپێنراوی زۆری هەبێت ئایا دواتر لە ناو نووسینەکانتدا ڕەنگدەداتەوە؟**

_شێرزاد حەسەن: بێگومان وایە.. هەموو داهێنانێک بۆ خۆی گەڕانەوەیە بۆ منداڵی جا بە دەستی ئەنقەست بێت یان بە زۆرداەرکی یان بە بەکارهێنانی هێزی عەقڵانی. «کۆڵن وڵسن»ی نووسەر ئامۆژگاری رۆماننووس دەکات و دەڵێت: «لە خۆتەوە دەست پێبکە.» بەو مانایەی کە خۆت ببیت بە سەرچاوەی داهێنانەکانت وەک ئەزموون و مەعریفەت. نووەسەرە گەنجەکان پەلاماری تێما و بابەتی گەورە و قەبە دەدەن: نموونەی ئەنفال و کیمیابارنی هەڵەبجە و شۆرشەکانی نەتەوەکەی تاوەکو خەڵکی بزانن کە خەم و خولیاکانیان چەندە مەزنن، بەڵام وا راسترە ئەم وەک نووسەرێکی گەنج ئاوڕ لە خەم و خولیاکانی خۆی و نەوەکەی بداتەوە. چونکە ئەم بۆچوونی وایە ئەگەر دەست بۆ ئەو تێما و ناوەرۆکە گەورانە ببات، ئەوسا خەڵکی پتر ستایشی دەکەن، زۆر جاران نووسەر پەنا دەباتە بەر بابەتی سێکچواڵەتی و ئیرۆتیکی شاراوە و ئابڕووبەرانە تاوەکو سەرنجی خوێنەرەکانی رابکێشێت کە خۆی وروژێنەرە، بەڵام مەرجە داهێنان بێت نەک فلیمی ڕووت و پۆڕنۆ بێت.، چونکە دیارە کە سێکس و ئیرۆتیکا بۆ هەموان جێگەی بایەخە، یان ئەوەتا نووسەری گەنج وهەم بەتەمەن خۆیان لە قەرەی بابەتەکانی رامیاری و نیشتمانپەروەری دەدەن بۆ ئەوەی زوو ناوداربن. لە کاتێکدا وەک نووسەر زیرەکانەتره ئاوڕ لە هەموو ئەو بابەت و کەس و پانتاییە فەرامۆشکراوانە بدەینەوە کە نووەسەرەکانی دیکە بە بە بایەخێکی کەمەوە لێیان نزیک دەبنەوە.

***ئایا بابەتی شکست دەبێتە هۆی ئەوەی کە دنەت بدات باس لەو ڕۆژگارە بکەیت؟**

_شێرزاد حەسەن: بە دڵنیاییەوە هەر هەموو نووسەرەکان منداڵی و قۆناغی لاوییەتی دەکەن بە گەنجینەی خۆیان، جا پڕ شکست بوویێت یان سەرکەوتن، کە بە بڕوای من شکستمان زۆرترە. نووسەر بۆ خۆی هەر چەندە خودگەرا بێت، لە ناو خۆیدا هەموو دونیای



**دەمەوێت پێتان بڵێم کە هیچ پاڵەوانێك لەم دەوروبەرە بوونی نییە. دیارە من هیچ گلەییەکم نییە کە نووسەری واش هەبێت دونیا بکات بە بەهەشت و هەمووانیش تیایدا ئاسوودەبن، بەڵام من ناتوانم درۆی وا بکەم، ئیشی من پێچەوانەکەیەتی، کارەساتیشە میللەتێك بە دوای پاڵەوان و فریادڕەسدا بگەڕێت.**

دەوروبەری خۆی هەڵگرتووە، تۆ وا دەزانیت شتێکی چکۆلەیت وەک گەردیلەیەک لەنێو ئەم گەردوونەدا خۆت دەبینیت، بەڵام هەموو دونیا وا لەناو تۆشدا ئامادەیە. من کە چیرۆکی شکستێکی دڵداری یان سۆزداری وەک «گوڵی ڕەش» دەنووسمەوە بە تەنها ئەزموونی شکستی من نییە، بەڵکو لەو سی ساڵەدا کە ئەو چیرۆکەم نووسیوە سەدەها کەس هەستیان کردووە من شکستی ئەوانم لە ئەویندارییدا بەرجەستە کردووە. لەبەر ئەوەی هەر کەسێك کەمێك ئەزموونداربێت یان هۆشیارەکەی لە بان بێت کە باسی خۆی کرد وەکو ئەوە وایە کە باسی هەموومان بکات.

***تۆ لەو کاتەی، کە باسی ئەو هەموو کێشانەت کرد، هەم لە خێزانی خۆت و هەم لە کۆمەڵگا، تاکی کوردی تاکێك بووە کە لە ڕووی سیاسییەکەیەوە و هەم لە ڕووە چینایەتییەکەیەوە، تاکێکی شکستخوادوو بووە، بەڵام تۆش دێیت لە ئەدەبدا دیسانەوە کارەکتەری چیرۆکەکانی تۆش شکستخواردوون؟ بۆچی بیر لەوە نەکردۆتەوە تاکێك دروست بکەیت تاکێکی سەرکەوتوو بێت، شکستخواردوو نەبێت و بەرەنگاری شکست بێتەوە، وەك لە زۆر فلیمدا دیومانە کە لە کۆتایدا پاڵەوانەکە سەرکەوتوو دەبێت، ئایا دەبێت پاڵەوان هەر شکست بخوات؟**

_شێرزاد حەسەن: نووسەر هەیە کۆی بەرهەمەکانی تراژیکە، ئەدیب هەیە ناسراوە بە کۆمیک، واتە بەزمگێڕە، هەن تێکەڵەیەکن لە نێوان تراژیدیا و کۆمیدیا، بە بۆچوونی من تراژیدیا وانەی زیاتری تێدایە، ئەوەش مانای کەم بایەخکردنی کۆمیدیا نییە، بەڵکو پەیوەستە بەوەی کە مرۆڤ بە گشتی لە سەرزەمین گیرۆدەی کارەساتی زۆر بووە، دەی خۆ ئەدەبیش ڕەنگدانەوەی ئەو تراژیدیایە، کە تۆ ناوی دەنێیت شکست یان دۆڕان و بەزین، من خۆم وەک نووسەر و ئادەمیزاد لە ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری پتر نەهامەتی و شکست و کەوتنم بینیوە، من ژمارەیەکی بێ شوومارم لە خەڵکی بەشمەینەت

بینیوە، عاشقانی زۆر لە چواردەوری من دەدۆڕان و بگرە لە ژیان دەتۆران، مێژووی سیاسی و شۆڕشەکانی ئێمە پڕن لە نشوستی و کارەساتی جەرگبڕ، لە شکستێکەوە بۆ شکستێکیتر. وەک نەتەوە گیرۆدە و داگیرکراوین لە لایەن ناشرینترین ستەمکارانی ڕۆژهەڵاتی ناوەراست. هەزار و چوار سەد ساڵە کولتووری بیابان و ئیمپراتۆرییەتی لم فەرمانڕەوایە کە لە ناوەکانمانەوە تاوەکو کرۆک و ناوەڕۆک داگیرکراوین. ئەوە کارەساتە کە ئێمەی کورد هیچ خوێندنەوەیەکی قووڵمان بۆ ئەو داگیرکردنە کولتوورییەی بێگانە نەکردووە، میللەتێك لەسەر خاکی خۆی دانیشووە و کەچی نامۆیە بە خۆی و ژیان و خاک، بۆی نییە ئاشنا بێت بە جوگرافیای خۆی، کامەیە پاڵەوانی سەرکەوتوو؟ بە رای من وەک نووسەر درۆی وام پێناکرێت. با بیرمان نەچێت کە «شێکسپیر» وەک شانۆنووس بە تراژیدیاکانی ناسراوە نەک شانۆگەرییە کۆمیدییەکانی.. ئەدەبی شکستەبار ئەدەبی بەزین نییە، من وانەیەک لە رۆمانی «دۆن کیخۆتە»ی «سێرڤانتس» فێر بووم کە ئەویش ئەوەیە بوون بە پاڵەوان وەهمێکی گەورەیە، ئەو رۆمانە گومان لە پاڵەوانبوون دەکات، باس لە گەمژەیی مرۆڤ دەکات. من دەمەوێت پێتان بڵێم کە هیچ پاڵەوانێك لەم دەوروبەرە بوونی نییە. دیارە من هیچ گلەییەکم نییە کە نووسەری واش هەبێت دونیا بکات بە بەهەشت و هەمووانیش تیایدا ئاسوودەبن, بەڵام من ناتوانم درۆی وا بکەم، ئیشی من پێچەوانەکەیەتی، کارەساتیشە میللەتێك بە دوای پاڵەوان و فریادڕەسدا بگەڕێت. تۆ پرسیاری کارەکتەری سەرکەوتوو دەکەی کە بۆچی دروستی ناکەم؟ بۆچی بیرت نەچوو بۆ رۆمانی «ژنێك بەسەر منارەوە» کە تیایدا خانمێکی تەنیا کە ناوی «شادی»ە لە بەرامبەر شارێکدا لە جەنگدایە، من باوەرم وایە کە لە کوردستان و لە هەنووکەدا خانمی وا ئازا و ئازاد هەن، بەڵام کەمینەن. لە چیرۆکی «زەلکاو»دا مامۆستایەکی یاخی و ئازا بە تەنیا دژی زۆرینە دەوەستێت کە لە زەلکاودا مەلە نەکەن کە دیارە رەهەندێکی رەمزی تێدایە.

***ئایا ئەدەب بۆ خودی تۆ وەک مرۆڤ و نووسەر چ بایەخێکی هەبوو؟**

_شێرزاد حەسەن: ئەدەب هێزێکی فیکری بە من بەخشی کە قووڵتر بیر بکەمەوە، دیدگایەکی رەخنەگرانەی لە مندا خولقاندووە کە ناهێڵێت بسرەوم، کە من هاتمە ناو ئەدەبیات قوتابخانەی یان رێبازی ئەدەبی «ریالیزمی سۆشیالیزم» باوی بووە کە «کۆمیونیزم» یا چەپگەرایی ستایشی دەکرد بۆ هاندانی چینی کرێکاران کە گوایە یەکسانی و دادپەروەری لەگەڵ خۆیدا فەراهەم بکات، هاوکات من لە دوا ساڵی خوێندنی دانیشگاییم ئاشنا بووم بە شانۆگەری و بگرە دواتر فیکری «پووچگەرایی» کە بە راستی بەقەد هەموو فەیلەسووف و نووسەرەکانی دیکەی مرۆڤپەروەر منیان لەسەر ئەوە راهێنا کە رەخنەگربم و هەم مرۆڤدۆست، بە واتا فیکر و شانۆی پووچگەرایی منی بێدار کردەوە کە رێز لەو مرۆڤە بگرم کە گیرۆدەیە بە دەست سەدەها تەڵە و تەپکە فاقە کە هاوتوخمەکەی بۆی ناوەتەوە. ئایا ئەوان دەرگایان داخست؟ نەخێر.. ئەوان بە منیان گوت: مرۆڤ تەنیا و گیرۆدەیە لەسەر زەمین، ئەدەبی پووچگەرایی دنەی دەدام کە بیربکەمەوە، کەچی بۆ من رێبازی «ریالیزمی سۆشیالیزم» مژدەی بەهەشتێکی دەدامێ کە پتر باسی

سـوپەرمانی دەکـرد، کـە دیـارە واش دەرنەچـوو، بەڵگـەش داتەپینـی بلۆکـی سۆشـیالیزم بـوو لـە کۆتایـی هەشـتاکاندا. بێگومـان لای مـن کۆمیدیایـەک هەیـە کـە وانـەی جـوان و دانسـقەی تێدایـە کـە زۆر جـاران نـاوی کۆمیدیـای ڕەشـی لێـنراوە، بـەڵام پرسـیاری مـن ئەوەیـە کـە بپرسـین: ئایـا ڕەوایـە بـە نـاوی ئایدۆلۆژیاکانـی سـەرزەمین و ئاسـمانی زەریـای خوێـن دروسـت بکەیـن؟ ئـەوە ئـەو پرسـیارە ڕەوشـتپارێزەیە کـە مەرجـە لەخۆمانـی بکەیـن. هەمـوو ئایینـەکان بانگەشـە دەکـەن کـە ئێمـە هاتوویـن مرۆڤ ڕزگار بکەین و بیبەینەوە بۆ بەهەشـت. لەولاشـەوە ئایدۆلۆژیـای ڕەسـمی بـە چەپگـەرا و چ بـە نەتەوەپەرستەکانیشـەوە دەڵێن ئێمـە هاتوویـن بەهەشـتێك بـۆ ئێـوە دروسـت بکەیـن. ئایـا تـۆ بـاوەر بـەوە دەکەیـت کـە پاڵەوانێکـت بـۆ بخوڵقێنـم کـە هەرچـوار پارچەکـەی کوردسـتان یەکبخـات؟

***ئایا یاخیبوون لە کوێی ئەم شکست و سەرکەوتنانەدایە؟**

_ شـێرزاد حەسـەن: بـە بـڕوای مـن ئەگـەر کەسـێکی هۆشـمەند شکسـت بهێنێـت، بێجگـە لـە یاخیبـوون هیـچ دەروازەیەکـی دیکـە نییـە. مـن بـاوەڕم بـەوە نییـە کەسـێك شکسـت بێنێـت، ئیـدی ئامـادە نەبێـت هەسـتێتەوە سـەر پێیەکانـی خـۆی. بـەڵام ناکرێـت ئـەو ڕۆحـە غەیبانـی و چارەنووسـگەراییە لـە ژیانـی رامیـاری و کۆمەڵایەتـی ئێمـەد تاوەکـو هەنووکـە لـە یـاد بکەیـن. بـەڵام کەسـێك هۆشـمەند بێـت، کـە شکسـت دێنێـت، دەبێـت بـە گومانکـەر و خاوەنـی دەیەهـا پرسـیاری نـەسرەوت. مـەرج نییـە شکسـت بـەرەو بەزینـمان ببـات، دەکرێـت بـەرەو بیرکردنەوەمـان ببـات؟ کارەکتەرەکانـی نـاو هـەر دوو کایـەی رامیـاری و ئاییـن زۆر نارسیسـت و عاشـق بـە خۆیانـن دیـارە حەشـاماتیش ڕۆڵی هەیە لـەوەی خۆیـان بـە پیـرۆز بزانـن و بکەونـە دەرەوەی هـەر ڕەخنەیەکـی شـێلگیرانە، نووسـەری ڕاسـتەقینە دژی پیـرۆزی دەوەسـتێتەوە، سیاسـەتباز و ئاییـندار خەونفرۆشـن، هەردووکیـان بانگەشـە و مژدەی بەهەشـمان بـۆ رادەگەێنـن، نووسـەری ڕەسـەن درۆی وا بـۆ کـەس نـاکات.

بـا بگەڕێمـەوە سـەر کارەکتـەری بەزیـو و سـەرکەوتوو، بـا نموونـەی چیرۆکـە ئەڤیندارییەکانـت بهێنمـەوە، چیرۆکـە دڵدارییەکانـی سـەرزەمین دەنێـو هەمـوو میللەتەکانـی دونیـا بـە شکسـت کۆتایـی هاتـووە، یـان بـە مـەرگ کۆتایـی هاتـووە یـان بـە لێکدابـڕان، نموونەکانیـش لـە ژمـارە نایـەن «ڕۆمیـۆ و جولێـت، شـیرین و فەرهـاد، خەجـێ و سـیامەند، لاس و خەزاڵ...هتـد.» ، چونکـە وانـە و پەنـد و ڕاسـتی تیایـە کـە عاشـقەکان ناگـەن بـە یەکـدی، بگـرە مـن لـە ژیانـی خۆمـدا دوو عاشـقم نەبینـی بـە یەکـتری بگـەن، لای مـن هۆکارەکـەی دیـارە کـە مـرۆڤ بـە گشـتی و بـۆ مـاوەی هەزارەهـا سـاڵ و بگـرە لای خۆمـان تـا هەنووکـە دژی عیشـق و خۆشەویسـتییە، چونکـە لەسـەر رق و کینە پـەروەردە کراوین پـەروەردەی ئێمـە وای کـردووە کچـەکان و کـوڕەکان رقیـان لـە یەکـتری ببێتـەوە، گومان لـە یەکـتری بکـەن و بێـز لـە یەکـتری بکەنـەوە.. ئیـدی مـن کام دڵـدار و عاشـق لـە چیرۆکەکانمـدا بـە درۆ بیانگەیەنـم بـە یەکـدی و بـە دەهـۆڵ و زوڕنـا کۆتایـی بێـت، ئەدەبـی ڕەسـەن هێـزی درۆی وای نییـە. لـە ڕاسـتیدا ئەدەبـی شکسـت ئەدەبێکـی دنـەدەر و هانـدەرە بـۆ بیرکردنـەوەی زیـات و گـەڕان بـە دوای هۆکارەکانـی شکسـتەکان، ئەدەبێکـە دژی یوتۆپیـا و ئایدیۆلۆژیـا و پیـرۆزی و ڕەهاگـەری و مـژدە و دروشـمی سـاختە، ناهێڵێت خۆشـخەیاڵ بیـت و دونیـا بڕازێنێتـەوە بۆمـان لـە کاتێکـدا ژیانـی خۆمـان لـە نـاو زینـدان و شـێتخانە و کوشـتارگا و نەخۆشـخانە بێت وەک ئێسـتاکێ.


کەواتە من جەخت لەسەر وتە جەرگبڕەکەی « میلان کۆندێرا» دەکەمەوە کە دەفەرموێت، « ستایشی داستان تەنیا لەوە دایە کە ستایشی بەزین دەکات.». زەقترین نموونەش رۆمانی « دۆن کیخۆتە»ی (سێرڤانتس)ە.

***کەواتە تۆ مەبەستت بووە خۆشەویستی بە شکست کۆتایی بێت؟. لە رۆمانی «ژنێك بەسەر منارەوە» ئاماژە بە کارەکتەرێک دەکەیت کە ناوی «هۆمەر»ە و شۆڕش دەینێرێت بۆ ئەوەی ژنە لەشفرۆشەکان بکوژێت، کەچی دواتر لە رێگەی عیشقی کچێکەوە کە «شادی» ناوە دەکەوێتە گومان لە خۆی و شۆرش، بگرە پەشیمان دەبێتەوە و هەڵدەگەڕێتەوە. عەشق یان ئەدەب کامیان دەتوانرێت قووڵتر مرۆڤ بگۆڕێت؟**

_شێرزاد حەسەن: دیارە هەردووکیان، ئەدەب و عیشق، هەر یەکە و بە شێوەی جیاواز و زمانی تایبەت بە خۆی مرۆڤ دەگۆڕێت، هەر لەبەر ئەوەشە کە خۆشەویستی یەکێکە لە تێما و بابەت و ناوەرۆکە هەرە دیار و باو و زەقەکانی ناو جیهانی هونەر و ئەدەبیات، چونکە رۆح و کرۆکی ژیان و زیندەگییە، بەڵام لە ئەدەبدا تێما و بابەتی ئەویندارى ئەزموونێکی زۆر هەڵبژاردەیە، لە هۆشمەندییەکی باڵاترەوە دێت، پەیوەندی بە شارستانبوونی مرۆڤەوە هەیە، نموونەی وڵاتی «یۆنان» کە لە تەک فیکر و فەلسەفەدا پەرە بە شیعر و شانۆ و داستان و ئەفسانە و رەسم و پەیکەرتاشی و بگرە گشت هونەرەکان دەدات، چونکە لەوێدا رۆحی بە شارستانبوونی مرۆڤ چەکەرە



شێرزاد و دایکی



**به بۆچوونی من قۆناغی بتپەرستی و سروشتپەرستی و بووونی ئەو سەدەها خوداوەندەی کە بۆ هەزارەها ساڵ مرۆڤ کرنۆشی بۆ بردووە زادەی ترس و تاوانی کوشتنی باوکە، کە دوا جار ترس و بیمەکە وەها دەئاوسێت و گەورە دەبێت کە بەندەکانی ناو سروشت ناچار دەبن خودا لەسەر زەمینەوە بگوێزنەوە بۆ ئاسمان**

دەکات، هــاوکات تێـمای عیشــق و ئەوینــداری و ئیرۆتیــکا پــتر گەشــە دەکات و دەنێــو دونیــای ئەدەبیاتــدا ڕەنگــی داوەتــەوە. ئەفســانەی « ئۆدیــب -ی پادشــا» هــەر هەبــووە لــە کۆنــدا، بــەڵام ئــەوە نووســەرێکی وەک «ســۆفۆکلیس» دێــت و دەیــکات بــە شــانۆگەرییەکی نەمــر، کــە دواتــر دەروونناســێکی وەک «فرۆیــد» بــۆ خوێندنــەوەی مــرۆڤ و ئاییــن و دامەزراندنــی شارســتانیەت و هــەم پەیدابوونــی ئایینــەکان و تاوانــی کوشــتنی بــاوک و ســتەم و دەیەهــا بابــەت و تێــما و نهێنــی خــودی ژیــان و بــوون کەڵکــی لــێ دەبینێــت. دواتــر دەیەهــا دەروونـنــاس و وئەدیــب دێــن و کەڵــک لــە ئەفســانەی « ئۆدیــب – ی پادشــا وەردەگــرن کــە مــن بــۆ خــۆم لــە ژێــر کاریگــەری هەمــان ئەفســانەدا خەیاڵــم ئاگــر دەدەم کــە بتوانــم لــە نۆڤڵێتی/کورتــە ڕۆمانــی «حەســار و ســەگەکانی باوکــم»دا منیــش باســی باوکــی کوردانــە بکــەم، کــە نوقمــە لــە ســتەم و بێدادی، جــا لــە خانــەوادەوە بیگــرە تــا نــاو تەویلــە و گــەوڕی سیاســەتی ئێمــە و درۆی شــۆڕش و رووبارێــک لــە خوێــن، بگــرە مــن گەرەکمــە بڵێــم ئێمــە و ئــازادی دووانــەی هەمــان ســک نیــن، هێشــتا کۆرپــەی سەربەســتی لــە هەمــوو ڕەشــهەڵاتی ناوەراســت -دا لــە دایــک نەبــووە.

بــۆ مــن ئــەو دۆخــەی کــە ئێمــە تیایــدا دەژیــن لــە بــاری کۆمەڵایەتــی و رامیارییــەوە بــە تەنهــا ســتەم نییــە، بەڵکــو ڕۆحــی ڕەشــی ســتەمە کــە هەمــوو ژیــان و زیندەگــی ئێمــەی گەمــارۆ داوە. ئیــدی بــۆ دەبێــت مــن هــەر لــە ختوخۆڕایــی بــاس لــە ســەرکەوتن و ســوپەرمان و ئاگرخــۆر بکــەم؟ دوا جــار خــودی نووســێن بەرهــەم و زادەی دیــدگا و جیهانبینــی ئــەو نووەســەرە خۆیەتــی، ڕەنجــی خوێندنــەوە و ئەزموونــی ژیــان و تێگەیشــتنی منــە. دابەشــکردنی کارەکتەرەکانــی نــاو چیــرۆک و شــانۆگەری و ڕۆمانــەکان بەســەر دوو کاتیگــۆری ســەرکەوتوو یــان بەزیــو لەمرۆکــەدا بــاوی نەمــاوە و ســواوە.

***لە ئەدەبیاتی تۆدا جۆرێك لە ترس هەست پێدەکرێت. ئەو ترسەی کە «فرۆید» لە کتێبی «موسا و یەکتاپەرستی» ئاماژەی پێکردووە کە درێژبوونەوەی ترسە لە باوك کە بە دەردی (عوساب) دەگات و دواتر بە ترس لە خودا دەگاتە چلەپۆپە. ئایا ئەو ترس و تۆقین و پەیوەندییە نارێکەش لەو هێزە زۆرەی باوکەوە سەرچاوە دەگرێت کە هەیەتی لە باری فیزیکی / جەستەیی و رۆحییەوە بەسەر فەرزەندەکانییەوە؟**

_شێرزاد حەسەن: بە بۆچوونی من گرێی ئۆدیب هیچ نییە، بێجگە لە خولیا و کەڵکەڵەی فەرزەندەکان کە چۆن لە ستەمی باوك رزگاریان بێت، دیارە دوای کوشتنی باوکیش هەستکردن بە گوناه و تاوان رۆحی هەموویان دەهاڕێت، ناچار رۆحی باوکە پیرۆز بکەن بە دروستکردنی کۆتەڵ و پەیکەر و بتی داتاشراو یان تەوتەم وەک رەمزێک بۆ زاتی باوکە، دواتر ترس و تۆقینەکە تەشەنە دەکات و ئیدی بە خەیاڵی کوشندە و ماندووی کچەکان و کوڕەکان ناچارن بەوەی رۆحی باوکە لە ناو دار و بەرد و شاخ و رووبار و بگرە هەر هەموو رەگەزەکانی ناو سروشت پەرت و بڵاو بکەنەوە، ئیدی باوکە دوای مەرگیش هەموو دونیایان لێ داگیر دەکاتەوە، بە رای من قۆناغی بتپەرستی زادەی چەشنێک لە پەرستن و سروتی پیرۆزکردنەکانی رۆحی باوان یان خودی باوە گەورەیە کە ئامادەن بن بە قوربانیشی کە لە چیرۆکی « سەربڕینی ئیسماعیل -دا لە لایەن «ئیبراهیم»ی باوکییەوە دەگاتە چلەپۆپەی هەستکردن بە گوناه و ئامادەگی بوون بە قوربانی بۆ پاکبوونەوە لە خەیاڵی کوشتنی باوکدا کە دیار دەبێت بە «تابوو» واتا حەرامی هەرە حەرامەکان، باوکیش دەبێتەوە بە «تەوتەم»، بە واتا رەمز و سونبولێکی پیرۆز بۆ رۆحی باوکە، کە دەکرێت کۆتەڵێك بێت یان درەختێك و رووبارێک کە رۆحی باوکە تیایدا جێگیر بووە.. ئیدی کۆی سروشت بە رۆحی باوکە نەخشین دەبێت، بە بۆچوونی من قۆناغی بتپەرستی و سروشتپەرستی و بووونی ئەو سەدەها خوداوەندەی کە بۆ هەزارەها ساڵ مرۆڤ کرنۆشی بۆ بردووە زادەی ترس و تاوانی کوشتنی باوکە، کە دوا جار ترس و بیمەکە وەها دەئاوسێت و گەورە دەبێت کە بەندەکانی ناو سروشت ناچار دەبن خودا لەسەر زەمینەوە بگوێزنەوە بۆ ئاسمان کە ئەمجارەیان باوکە بە تەنیا سروشتی داگیر نەکردووە، بگرە زەوی و ئاسمان و هەر هەموو گەردوون هی خۆیەتی، کەواتە ناتوانین لە هەژموونی قەبە و هێزی لە بن نەهاتووی باوك دەربچین کە بەر نەفرەتی کەوتووین و هەرگیز پاک نابینەوە، بەڵام کەڵکەڵە و خولیای کوشتنی باوک وەک کەڵەگا و ستەمکار دەنێو هەموو کولتوورەکاندا بوونی هەبووە.

با من نموونەیەکی زیندوو بێنمەوە کە ئەویش فەرمانڕەوایی نەوەی سێیەم و چوارەمی بنەماڵەی بارزانی -یە کە من وای دەبینم گەر هێز و ناو و مێژووی مەلا مستەفای بارزانی نەبووایە، هیچیان نەیاندەتوانی تا هەنووکە لەسەر تەختی دەستەڵاتداری و سەرمایەگوزاری بەردەوام بن، دیارە بۆ من گرنگە ئەوە بدرکێنم کە بارزانی باوە گەورە بە جەستە مردووە بەڵام ئەفسوونی و هێزی خواهانەی ماوە کە نەوەکانی دوای خۆی تا هەنووکە سوودی خراپیشی لێدەبینن. دیارە بە هەمان شێوە و کەمێک کاڵتر بۆ بنەماڵەی تاڵەبانی -یش راستە، بگرە بۆ هەموو ئەو شێوە فیوداڵی و دەرەبەگییەی کە بە درێژایی



مێژوو کە تا هەنووکەش ماوە و بۆتە یاسا و ڕێسا کە تەخت و تاجی فەرمانڕەوایی وەک میرات لە باوکەکانەوە بۆ کوڕەکانیان جێدەمێنن. دیارە ڕامیاری بە مانا مۆدێرنەکەی ئەو ڕۆحە خێڵگەرییە هەڵدەوەشێنێتەوە چیتر ڕێز بۆمیراتگری دانانێت بۆ بەڕێوەبردنی وڵاتێک و نەتەوەیەک، بەڵکو پەروەردەی مۆدێرن کە ئێمە نیمانە تەنها ڕێز لە تواناکانی تاکەکەسەکان دەگرێت بۆ هەڵبژاردنی هەر کار وئیشێک و پۆستێک، دوا جار سەرۆک بەر لە هەر شتێک بۆ خۆی هاوڵاتی/هاونیشمانییە و بەس، نابێت پێگە و پۆستەکەی جێگەی ناز و فیز و هەوا و دەبدەبەی تێدا ببێتەوە. ترسی هەرە گەورەی من ئەوەیە کە ئێمە لە ماوەی ئەو بیست و شەش ساڵەی ڕابردوودا نەمانتوانیوە کچان و کوڕانی نەوەی تازە وا پەروەردە بکەین کە تەییار و ئامادە بێت بۆ خۆسەرقاڵکردن بە زانست و زانیاری، ویست و ئیرادەگەری لەواندا بچێنین، ئاوەز وعەقڵێکی ڕەخنەگرانەی هەبێت، خۆی لە ترس و شەرم ڕزگارکردبێت، بەر لە خوێندن بۆ وەدەستهێنانی پیشە، بیر لەوە بکاتەوە چۆنچۆنی ببێت بە مرۆڤ، بە بۆچوونی من و ئامادەگیم لە ناو ژمارەیەکی زۆر لە قوتابخانەکاندا وەک سەرپەرشتیار هێشتا سزادان و ئەشکەنجەدانی کچەکان و کوڕەکان ماون. لە ڕاستیدا ترسی سەرەکیم لەوەدا چڕ دەکەمەوە کە پرۆسەی خەساندندنی نەوە یەک لە دوای یەکەکان: تاکە کارێکە کە زۆر بە وەستایی و کۆششەوە ئەنجاممان داوە.

***تۆ زۆرجار باسی کۆمەڵگای نێرسالاری دەکەیت و دەڵێیت هەموو شتەکان لەم کۆمەڵگایەی ئێمەدا بۆ نێرەوزە، بگرە وێنەی باوکی ستەمکار لەسەر ئاستی خانەوادەدا کە بە ناوی پیرۆزییەوە**

دەزگای ئایدیا بۆ فکرو لێکۆڵینەوە دەریدەکات

دیدار

**زیندانێکی بونیاتنـاوە لـە ئەدەبیاتـی تـۆدا ئامادەگـی زەق و زۆرە، کەچـی هەمـان ئـەو وێنـەی کەڵـەگا و دکتاتـۆرە لـە ژیانـی رامیـاری و کۆمەڵایەتـی و ئابـووری و کـۆی پانتایـی و جومگەکانـی کۆمەڵـگای ئێمـەدا سـەدبارە دەبێتـەوە. ئەوەیـان لـە هەمـوو کـۆڕ و کۆبوونەوەکانـی تـۆدا دووبـارە دەبێتـەوە؟ ئایـا بـە راسـت زەخمـی سـتەمەکە وەهـا کوشـندەیە؟**

_شـێرزاد حەسـەن: بەڵـێ.. ئـەوەی دەگوزەرێـت گڕدانـی دۆزەخێکـە بـۆ هەمووـمـان، بـەڵام هـەر هەمـووان خۆیـان لـە بینیـن و درکاندنـی دەدزنـەوە. گرێـی ئۆدیـب، یاسـا و رێسـا ئاسـمانی و سـەرزەمینی باوانـی پیـرۆز کـردووە کـە کـەم کـەس هەیـە بوێرێـت گومـان لـەو پێگـە پیـرۆزەی باوکـە سـتەمکارەکان بـکات لەسـەر ئاسـتی کۆمەڵایەتـی و هـەم رامیـاری، دیـارە لـە سـەرەوە ئاماژەمـان پێکـرد ئـەو کاتـەی نهێنییەکانـی ئەفسانەی «ئۆدیـب – ی پادشـا» مـان درکانـد، پیرۆزییـەک کـە لـە ئاکامـی کوشـتنی باوکـەوە بـە دەسـتی فەرزەندەکانـی دەگاتـە تـرس و تۆقینێـک کـە بـە پەرسـتنی بـاوک کۆتایـی دێـت، دەئاوسـێ و دەپەنمێـت و قەبـە و گـەورە دەبێـت لـە خوداوەنـدە دێرینەکانـدا دەبێـت بـە سرووتـی هـەزار شـێوە لـە پەرسـتن، دواتریـش لـە ئایینـە ئیبراهیمییەکانـدا بـە یەکتاخوایـی دەگات و مرۆڤایەتـی پێـوەی پانـد دەبێـت و تـا هەنووکـەش بەردەوامـە. هەڵبەتـە کارەسـاتی پیرۆزیـش دەبێـت بـە مایـەی تەڵاقدانـی هـەم کوشـتنی عەقـڵ و ئـاوەز. دەبێـت ئـەوەش بزانیـن کـە هـەر سـێ ئایینـە ئیبراهیمییەکـە زادەی باوکسـالارییە و هـەم دووبـارە بەرهەمهێنـەری نێرسـالارییە بـە زەخـم و زیادەیەکـی زۆرەوە.




***هۆکاری ئەوە چییە، کە زۆرجار لەناو ئەم کۆمەڵگا نێرسالارییەدا کە تۆ زۆر دووپاتیدەکەیتەوە، ژنەکانیش هەمان نواندن و نمایشی پیاوان دووبارە دەکەنەوە؟ بۆ نموونە: ترس لە مێینە بوون و بگرە خۆ بە گوناهبارکردنێکی بەردەوامی ژنان بۆ خودی خۆیان و هەم بۆ یەکتری، هاوکات هەموو هەوڵەکانی رەگەزی مێ بۆ ئەوەیە نێرینەکان ئاسوودە بکەن هەتا گەر لەسەر حیسابی بەدبەختی خۆیشیان بێت؟**

_شێرزاد حەسەن: تێگەیشتن لەوەی بۆچی ژنان کەوتوونەتە ژێر هەژموون و دەستەڵاتی پیاوەکانەوە وامان لێدەکات بگەڕێینەوە بۆ کۆی مێژووی ستەم لەسەر ئاستی مرۆڤایەتی و پاشان لەسەر ئاستی ستەمی نێرینە دەرهەق بە مێینە. ئەوەیان دەگەڕێتەوە بۆ داگیرکردنی مێشکی خانمان لە لایەن پیاوەکانەوە لە رێگەی هەزارەها بەند و داو و تەپکە و تەڵە و فاقە و یاسا و رێسا ئاسمانی و هەم سەرزەمینییەکان، کە مێشک داگیرکرا، ئیدی زۆر ئاسانە کچەکان و ژنەکان بخەینە ژێر رکێفی خۆمان و جڵەوگیری ئێمەی نێرینەبن، بگرە خودی زمان تا هەنووکە زمانێکە هی نێرە و لە بەرژەوەندی نێریش خۆی دەنوێنێت، بگرە هەر لە سەرەتای ئەفسانەی خەلیقەتەوە کە یەزدان «ئادەم و حەوا» دروست دەکات، لە هەر سێ ئایینەکەدا بە ئەندازەی زۆر یان کەمەوە جەخت لەوە کراوەتەوە کە «حەوا» لە پێناو «ئادەم»دا خولقاوە، بگرە چەندین فەرموودەی باوەڕپێکراو هەیە کە جەخت لەوە دەکاتەوە کە رەزامەندی یەزدان لە ژنان پەیوەستە بە رەزامەندی مێردەکانیانەوە، دەگوترێ ئەوە «ئادەم»ە کە ناو لە شتەکانی دەوروبەری خۆی دەنێت نەک «حەوا»، هەڵبەتە بە یارمەتی یەزدان فێری ناوی شتەکانی ناو سروشت دەبێت، ئەوە «ئادەم»ە ناو لە «حەوا» دەنێت: حەوا، حەوا بۆ خۆی خامۆشە و گوێڕایەڵە. بیرمان نەچێت کە گوناهی یەکەم خراوەتە ئەستۆی «حەوا» کە لە پای دەمبردنە بۆ میوەی قەدەغەکراو و فریودانی ئادەم بۆ تامکردنی میوەی حەرامکراو، پاشانیش ترۆکردنمان لە بەهەشت، ژنان کەم عەقڵ و کەم دین هەژمار دەکرێن لە لایەن پیاوانەوە کە بۆ خۆی وای لێدێت کە ئەندازەسازی رەوشتپارێزی و مۆڕال لە لایەن پیاوانەوە بۆ ژنان دابمەزرێنن، یەکەمین گومانی لە میراتی ئەو کولتوورەی نێرینە بۆ خۆی نەخشەی کێشاوە لە زمانەوە دەستی پێکرد، چونکە هیچ فکرێکی سپی و رەش لە دەرەوەی زمان بوونی نییە، زمانێک کە لە «ئادەم» ەوە تا هەنووکە هی پیاوەکانە و کۆی یاسا و رێساکانی بە قازانج و سوودی رەگەزی نێرینە نووسراوەتەوە، بەڵام بۆ تا هەنووکە نەگۆڕاوە؟ چونکە پیاوان و ژنان پێکەوە هیچ گومانێکیان لەم زبڵ و زارە نییە کا بە پیرۆز ناسراوە، سەرباری ئەوەش هۆشیارییەکی زۆر و زاحڵ دەوێت پیاوان بێنە پای ئەوەی شەرم لە خۆیان بکەن و ئەو یاسا و رێسایانە هەڵبوەشێننەوە کە ستەم و بێدادی تێدایە دەرهەق بە ژنان. بگرە «حەوا» و کچەکانی کە دایکان و خوشکان و کچان و هاوژینەکانی من و ئێوەیە کراون بە هاوڕێی شەیتان، گوایە ئەوە شەیتانە کە هانی «حەوا» دەدات لە سێوە حەرامەکە بخوات. ژنان بۆ هەمیشە لە لایەن نێرینەکانەوە هەم ڕامکراون و هەم ڕاوکراون. ژنان بۆ خۆیان بڕوایان وایە شایستەی جۆرەها سزان کە بەر نەفرەتی یەزدان کەوتوون، بگرە من دەیەها جار لە ژنان و کچانم بیستووە کە وتوویانە، « خوشکی خۆم.. ئێمە لە پەراسووی خوار و خێچی ئادەم خولقاوین و تازە هەرگیز راست نابینەوە.» لە راستیشدا ئەم


روانینـە زادەی زمانـی خـوار وخیچـی نێرگەلێکـی خـۆ بـە زلزانـە، مـن گومانـم لـەوەدا نییـە کـە ژنـان دوای تێکشـکانی دایکسـالاری لـە بەرامبـەر باوکسـالاریدا بـە تـەواوی لە نـاو مێژوودا جێلـەق دەبـن و وەدەر دەندرێن، چونکـە پیـاو بـە تەنیـا خـۆی دەکات بـە خـاوەن مێـژوو. فەرمـوو سـەیری نـاو هـەر هەمـوو کایەکانـی ژیـان بکـە، نـە لـە نـاو کایـەی ئایینـدا و نـە لەنـا دونیـای رامیـاری و نـە لـە بـازاڕ و سـەرمەیگوزاریدا ژنـان ئامـادە نیـن، نـەک خۆیـان حـەز بـەوە بکـەن.. نەخێـر، بەڵکـو پێگـەی خانمـان لـە هـەر سێ کایەکـە نزمـە و ریـگا پێـدراو نیـە ژنـان کێبڕکـێ و ململانـی دەگـەڵ پیاوانـدا بکـەن..کاری نەکردەیـە. گـوێ لـەم فەرموودەیـە بگـرە سـەبارەت بـە خانمـان، «مـن لـە دوای خـۆم هیـچ فیتنەیەکـم بەجێنەهێشـتووە لـە ژنـان زیانبەخشـتر بەرامبـەر بـە پیـاوان.

***ئەدەب چۆن دەتوانێت هەموو ئەم تێڕوانینانە بگۆڕێت؟**

_ شێرزاد حەسـەن: سـەرەتا گوتـم کـە ئـەدەب وەک سیاسـەتباز ورابـەری ئایینـی خاوەنـی ئایدۆلۆژیـا نییـە، کـە نیازی بێـت مـن و تـۆ وا پـەروەدە بـکات کـە کـۆی پەیامەکانـی بـە پیـرۆز بزانیـن و پەیـرەوی لێبکەیـن، ئـەدەب تەنهـا ئـەو هێـز و هۆشـیارییە زاڵ و زۆرەمـان دەداتـێ کـە هەمیشـە بپرسـین و گومـان بکەیـن، دیدگایەکـی رەخنەگرانـەت پێدەبخشـێت، گۆڕانـکاری لـە مرۆڤـدا و پەیداکردنـی تێڕوانیـن و جیهانبینـی تـازە کارێکـی ئاسـان نییـە کـە لـە میانـەی چەنـد سـاڵیکی کەمـدا بێنـە دی، ئەوەیـان کار و ئەرکـی پـەروەردەی مۆدێرنـە کـە منداڵێکـی تازەمـان بـۆ ئامـادە بـکات بـە مەرجی گومانکـردن لـە برێکـی زۆری ئـەو میراتـە فیکـری و فەرهەنگـی و یاسـا و رێسـا و نۆرمـە کۆمەڵایتییـەکان ببێـت بـە سەرمەشـقی نەخشـە و پـلان و سـتراتیژی درێژخایـەن، ئـەو گۆڕانکارییـە رادیکالـەی ئێمـە دیخوازیـن کار و پرۆسـەیەکی مێژووییـە و عەقڵـی گـەورە و ویسـت و خەونـی



**یەکەمین گومانی لە میراتی ئەو کولتوورەی نێرینە بۆ خۆی نەخشەی کێشاوە لە زمانەوە دەستی پێکرد، چونکە هیچ فکرێکی سپی و رەش لە دەرەوەی زمان بوونی نییە، زمانێک کە لە «ئادەم» ەوە تا هەنووکە هی پیاوەکانە و کۆی یاسا و رێساکانی بە قازانج و سوودی رەگەزی نێرینە نووسراوەتەوە**



**ئەدەبێك ئابڕووبەرە نەبێت و پەردە هەڵنەداتەوە لەسەر ڕووداوە سەیر و سەمەرەکان و گۆبەندەکان و ئەو ژیانە تراژیدی و هەم کۆمیدییەی مرۆڤ.. کەواتە هیچی نەکردووە،**

گەرەکە کە بە داخەوە دەستەڵاتداران و پەروەردەکارانی ئێمە لەو بیست و شەش ساڵەی رابردوودا خەوتبوون. ئەو گۆڕانکارییە زادەی کەڵەکەبوونی زانست و زانیاری و ماریفەتێکی پڕ و دەوڵەمەندە، دیارە من هیچ ئومدێکم نییە کە خانەوادەی کوردان بتوانن منداڵەکانیان لەسەر خۆشەویستی فیکر و ئەدەب و هونەر پەروەردە بکەن، هەموومان دەزانین قوتابخانەکانیش کاولەئاشن و بگرە کچەکان و کوڕەکانمان لە کتێب و زانست و زانیاری دەتۆرێنن، سیستمی پەروەردە و فێرکردنی ئێرە نەوەیەکی تازەی دروست نەکرد کە هێزی بیرکردنەوە و شیکاری و لێکۆڵینەوە و خوخوێندنەوە و دونیاناسینی هەبێت.. بۆیە دونیای ئێمە لە تووتیستان و کیڵگەی داهۆڵەکان دەچیت. لە هەموو دونیای پێشکەوتوتر لە ئێمە کچەکان و کوڕەکان هەر لە سەرەتاوە فێری ئەوە دەکرێن بەدەر لە بابەت و پرۆگرامەکانی خوێندن، عاشقی خوێندنەوە بن و بگەڕێن و ببینن و ببیستن بۆ ئەوەی بتوانن بیر و بۆچوون و شیکاری و لێکدانەوەی خۆیان هەبێت لەسر ئەو ئەزموون و زانست و زانیاریانەی کە دەخرێتە بەردەست و چاوانیان.ئەرکی پەروەردەی تازەیە کە خەون بە دامەزرندنی جیهانێکی تازەوە ببینێت، ئێمە تا هەنووکە نەمانکردووە، کەواتە سەیر نییە لە شکستێکەوە بۆ شکستێکی دیکە درێژە بە ژیانێکی سست و بێ داهێنان و خەون و خەیاڵ دەدەین. پەروەردەی مرۆڤدۆست و عەقڵزەدە پرۆژە و خەونی ئەوەی هەیە کە فێری هونەری ژیان و خۆشەویستیمان بکات کە نەیکردووە. ئەوەندەی من ئاگادار بم وڵاتانی ئاوروپا لە دوای دوو جەنگی وێرانکار توانیان کەم و زۆر بەخۆبکەون و روو لە بەرپاکردنی رۆحی ئاشتیەوانی بکەن کە ئەوەش بێ پەروەردەی مرۆڤدۆستانە نەدەهاتە کایەوە، ڕەشهەڵاتی ناوەراست تا هەنووکە، بە کوردستانیشەو، خەونێکی وای نییە ئومێدمان بە داهاتوو هەبێت. دیارە لە دوا راپۆرتی یەکێتی ئاوروپا کە بۆ سەدەی بیست و یەک و

ساڵی دووەم
ژمارە 6
کانونی یەکەم 2017

هـەزارەی سـێیەم ئامـادە کرابـوو، تیایـدا بـە ئاشـکرا دیـارە کـە گومانیـان لـە پـەروەردەی خۆیـان هەیـە کـە ئەگـەر تەییـار و ئامـادە نەبـن ئەگـەری دووبارەبونـەوەی مەترسـییەکانی سـەدەی بیسـت ئەگەرێکـی دوور نییـە، بـە تایبەتـی لـە بـواری توندوتیـژی و رەگەزپەرسـتی و نایەکسـانی و بێدادی و پێگـەی نزمـی خانمـان بـە بـەراورد دەگـەڵ پیـاوان، پیسـبوونی ژینگـە کـە ئـاو و هـەوا و خـاک گەنیوتـر بـوون لـە جاران..سـەرباری ترسـیان لـە کوژانـەوەی ئـەم ئەسـتێرەیەی کـە ئێمـە لەسـەری دەژیـن لـە ئایندەیەکـی نزیـک یـان دووردا.

***زۆر جـاران ئەدەبیـات دەسـتکاری کۆمەڵـگا دەکات، کۆمەڵـگا ئاسـوودە نییـە بـەو نووسـەرەی کـە باسـی جۆرێـك لـە تایبەتمەندییەکانـی کۆمەڵـگا دەکات، بگـرە ڕەتـی دەکاتـەوە، مەبەسـتم ئەوەیـە ئـەدەب تـا چ رادەیـەک بـە مافـی خـۆی دەزانێـت کـە پـەردە هەڵماڵێـت لەسـەر نەنگـی و کەموکـوڕی و داڕزانـی کۆمەڵـگا؟**

_شێرزادحەسـەن: بـە بۆچوونـی مـن، ئەدەبێـك ئابڕووبـەرە نەبێـت و پـەردە هەڵنەداتـەوە لەسـەر ڕووداوە سـەیر و سـەمەرەکان و گۆبەنـدەکان و ئـەو ژیانـە تراژیـدی و هـەم کۆمیدییـەی مـرۆڤ.. کەواتـە هیچـی نەکـردووە، گـەر نەچێتـە نـاو چڵپـاو و زەلـکاوە شـاراوەکانی نـاو شـار و گەڕەکـە دۆزەخییەکانـی ئێمـە و شـۆڕ نەبێتـەوە بـۆ ئـەو ئەشـکەوت و بەشـە تاریکـەی وا لـە نـاو ناخـی هەمووماندایـە، ڕەسـمی ئـەو بـڕە زۆرەی توندوتیژییـە نـەکات، کـە ژیانـی ئێمـەی خوێنـاوی و غەمگیـن کـردووە.. سـتەمی نەبـڕاوە دژی منـداڵان و ژنـان، قسـەیەکی نەبێـت سـەبارەت بـەو مۆتەکـە و کابووسـەی ناومـان نـاوە مێـژوو کـە درۆیـە و نیمانـە، یـان شۆڕشـی چەواشـە، یـان بـە داهـۆڵ- بوونـی ئـەو هەمـوو پیـاوە بەتاڵانـە.. هەمـوو ئـەو شـتانەی کـە مـرۆڤ شـەرمی لێـدەکات و لێشـی دەترسـێت، گـەر وا نـەکات.. دەکرێـت هـەر ناوێکـی دیکـەی لـێ بنێیـت، بـەڵام ئـەدەب و هونـەر و داهێنـان نییـە.

ڕەنگـە چەنـد خوێنەرێکـی تەوەزەلـی هەبێـت کـە دڵـی نووسـەرەکە خـۆش بـکات، بـەڵام ناتوانێـت خوێنەرێکـی زیـرەك پەیـدا بـکات. گـەر سـەیری مێـژووی ئەدەبیـات بکەیـن تێدەگەیـن کـە بۆچـی لـە هەمـوو سـەردەمەکاندا سانسـۆر و چاودێـری دەسـتەڵاتداران و کەسـانی کۆنەپارێـز هەبـوون بـۆ خنکاندنـی دەنگـی ئـازاد و دلێـری نووسـەران، بگـرە بـە بیانـووی سـنووربەزاندن و شـکاندنی حەرامـەکان و قەدەغشـکێنی ژمارەیەکـی کـەم و زۆر لـە نووسـەران لە جوگرافیـای جیاواز و سـەردەمە دێرینـەکان و هـەم لـە هەنووکـەدا سـزا دراون بـە توندکردنیان لـە زینـدان و ئەشـکەنجەدان و شـاربەدەرکردن و تڕۆکـردن و کوشـتن، جـا چ بـە نـاوی ئایدیۆلۆژیـان ئاسـمانی بووبێـت یـان سـەرزەمینی کـە هەردووکیـان پیرۆزیـان بـۆ خۆیـان قـۆرغ کـردووە. ڕۆماننووسـی ئایرلەندی «جێمـس جۆیـس» دارکاری کـرا لـە سـۆنگەی بڵاوبوونـەوەی کۆمەڵـە چیرۆکـی» خەڵکانـی دەبلـن» گوایـە ئاماژەی بـە چەنـد کارەکتەرێکـی نـاو شـاری «دەبلـن» کـردووە کـە دەناسرانـەوە، گوایـە ئابڕووبـەرە بـووە، هـەر خـودی ئـەو نووسـەرە وتەیەکـی تـووڕەی هەیـە کـە گوتوویەتـی، « مـن ناتوانـم بنووسـم بـە بـێ برینداركردنـی هەسـتی ئەوانیدیکـە! «نەجیـب مەحفوز»یـش لەسـەر بڵاوبوونـەوەی ڕۆمانـی « منداڵانـی گەڕەکەکەمـان» لـە لایـەن ئیسـلامییە توندڕۆکان بـەر چەقـۆ درا. دوو نووسـەری ئینگلیـز کـە کـوڕ و بـاوک بـوون: کـە لـە دوو قۆناغـی جیـاواز دەژیـان و هـەم

ئەزموونیشیان لە یەکدی نەدەچوو، پتر سەرگەرمی نووسینی رۆمان بوون، مارتن – ی کوڕی دەیگوت گەر باوکم رۆمانێک سەبارەت بە خانەوادەی خۆمان بنووسێت، هەموو وردەکارییەکان باس دەکات، بەڵام توخنی ژووری نووستنی خۆی و دایکم ناکەوێت، بەڵام جیاوازی من لەتەک باوکمدا کە سەر بە نەوەیەکی تازەم ئەوەیە گەر منیش رۆمانێک سەبارەت بە خانەوادەی خۆمان بنووسم .. بەر لە هەر شتێک دەرگای ژووری خەوتنی دایک و باوکم دەکەمەوە. هەڵبەتە مەبەستی مارتن ئاشکرا و روونە.

زۆرینەی مرۆڤەکان حەزیان نییە ئاوێنەیەکیان بدەینێ و داوایان لێبکەین سەیری خۆیان بکەن گەر هەست بکەن پیس و چڵکن و ناشیرینن. مەرجە رێز لە فیکشن یان ئەدەبی داستان –ئامێز بگرین کە بڕوای بەوە نییە کەسانێک هەن فریشتە و کەسانێکیش شەیتانن.. نەخێر، بەلکو لە ئەدەبی گێڕانەوەدا کە بە فیکشن ناسراوە ئاماژە بە راستییەک دەکات کە نووسەران سەرگەرمی باس و خواسی ژیان و زیندەگییەکن کە هەمووو شتێکی تێدایە، واتا فیکش تۆماری باباتگەلێکە لە ژیانەوە قەرز کراو یان وەک ژیان وایە بە هەردوو دیوی جوان و ناشیرینی، بەڵام بێ داداگاییکردن و لە قەفەزنان، کەس سووک سەیری کارەکتەری «سۆنیا» ناکات لە رۆمانی « تاوان و سزا»ی رۆماننووسی روسی ‹ دۆستیۆڤسکی»، کە ناچارە قوربانی بە لەشی خۆی بدات تاوەکو بتوانێت خوشک و براکانی بەخێو بکات، دەتوانین ئاماژە بە سەدەها کارەکتەری بەدکار و شەڕانگێز بکەین کە لە بری رق هەڵگرتن ئێمە هاوسۆزیانین.لە فیکشندا ژیان بە هەموو رەنگە جیاوازەکانەوە خۆی دەنوێنێت.


***تا چەند لەگەڵ ئەدەبی ڕووتبوونەوەدایت، کە داماڵینە لە هەموو شتێکی رووکەشانە؟**

_شێرزاد حەسەن: ئەرکی ئەدەبە کە دەمامکەکان داماڵێت و مرۆڤ وەک خۆی دەربکەوێت، بە تایبەتی لە باری رۆحی و رەوانییەوە، واتا ناسینی دیوە شاراوەکەی، ئەدەب پەلاماری نادیار دەدات بەر لەوەی خۆی لە قەرەی ئەو بەشە بدات کە هەمووومان پێی ئاشناین. ئەرکی ئەدەبە کە نائاسایی بکات بە ئاسایی و پێچەوانەکەشی راستە. بڕوا ناکەم تۆ مەبەستت «پۆڕنۆ» بێت سەبارەت بە ئەدەبی رووتبوونەوە، بەڵام هەمووومان دەزانین کە ئەدەبی «ئیرۆتیکا» کە دیوە سۆزداری و عیشقییەکەی مرۆڤە پانتاییەکی گەورەی لە ئەدەبیاتی جیهانی داگیر کردووە. بە بڕوای من مرۆڤی ئەم سەردەمە تووشی سەرەتان / شێرپەنجەی رۆحی بووە کە مەرجە نووسەران ئاوڕی لێ بدەنەوە نەک وەک پزیشکی دەروونی و بەس، بەڵکو وەک ئەو نووسەرەی کە چاوی چۆلەکەی هەیە و هەر چواردەوری خۆی دەبینێت و دەپشکنێت. من بۆ خۆم نووسەر وەک بیرلێدەر دەبینم کە ناچارە چەندین چینی زەوی و خاک هەڵبکۆڵێت تاوەکو دەگاتە ئاوی پاک هەڵقوڵاو، مەرجە نووسەریش بە هەزار فانۆسەوە سەردانی ئەو ئەشکەوتە تاریکەی ناو ناخی مرۆڤ بکات، دەکرێت من و تۆ و ئەوانیدیکە دۆزەخێک لە ناو بوونی ئێمەدا هەبێت، نووسەری ئازا ئەوەیە کە بوێرێت سەر بەسەر زارکی ئەو جەهەننەمەدا شۆڕ بکاتەوە و بگرە پیاسەی بە ناودآ بکات، بە واتا من گەر وەک دۆزەخییەکان نەسووتێم: ئاخۆ چۆن بتوانم باسی سووتان بکەم؟

***هەموو ئەو نائومێدییەی لە ئەدەبیاتی تۆدا هەیە، پەیوەندی بەوەوە هەیە کە مرۆڤ دەمرێت و بوونەوەرێکی نەمر نییە، گەر وەکو گلگامێش بەدوای نەمرییەوە بگەڕایە، گریمان نەمری دەستبکەوتایە. ئایا تۆ هەر وا نائومێد دەبوویت یان ئەگەری ڕزگاربوون زیاتر دەبوو؟**

ـ شێرزاد حەسەن: بە بۆچوونی «ئەلبێر کامۆ» خودی مەرگ زاڵترین خولیا و بیرۆکەیە کە مرۆڤی داگیر کردووە. ئەگەر مرۆڤ نەمریش بووایە بێ گرفت و کێشە نەدەبوو، گەرچی هەندێک بیریار و دانا و سۆفی مەرگ بە کۆتایی نازانن، بەڵکو بە درێژکراوەی ژیانی دەزانن. حەسرەتی نووسەرێکی وەک «گابریل گارسیا مارکیز» ئەوە بوو کە ئەزموونی مەرگ لای نەبۆتە نووسین، یان شاعیرێکی وەک «ئەدۆنیس» بڕوای وایە ئەو خودی مەرگە وایکردوو مرۆڤ خودایەک و قیامەتێک بخوازێت. مەرگ بۆ خۆی وەک چەمک و مانا تێمایەکی سەرەکی ناو دونیای ئەدەبیاتە. ئەوەی کە بۆ من مایەی بایەخ و تێڕامانە ئەوەیە کە خەڵکی ئێمە مەرگدۆستە نەک ژیاندۆست، غەریزەی مەرگ و ژیان کە لە ململانێدان، پارسەنگی مەرگ قورسترە لە هی ژیان، بەڵام نائومیدی من هیچ پەیوەندی بە ترسەوە نییە لە مەرگ، بەڵکو هاوارێکە بۆ ژیاندۆستی، بەڵام من ناچارم وەک نووسەر باسی ئەو مەرگپەرستییە بکەم کە ڕۆحی خەڵکی ئێمەی تاریک کردووە. من لە هەوڵی ئەوەدام گومان لە مرۆڤ بکەم، بە تایبەتی پیاو کە لەوەتەی هێز و توانای پەیدا کردووە، سەرگەرمی جەنگ و ڕاووشکارییە. مێژووی مرۆڤایەتی مێژووی جەنگە هەمیشەییەکانە.





**ئەدەب دژی ئایدیۆلۆژیایەکە کە فریوی مرۆڤ بدات بۆ مەرگێکی هەرزان، ئەدەب پێناسەی بۆ دۆزەخ و بەهەشت تەواو جیاوازە، بگرە گومانی لە هەردووکیان هەیە بەو شێوە ڕەهاگەرییەی کە ئایین و سیاسەت قۆڵ لە قۆڵدا باسی دەکەن.**

***کە ژیان ئەوەندە ڕەش و ناخۆشە بۆچی مەرگ هەڵنەبژێرین پێش ئەوەی خۆی بێت؟**

_شێرزاد حەسەن: هەڵبەتە هەندێك کەس لە نێوەندی نووسەران و هونەرمەندان و فەیلەسووفان بە خوایشتی خۆیان مەرگیان هەڵبژاردووە، ناوی گەورە و درەوشاوەش بوون. من لە تەمەنی لاوییەتیمدا بیرم لێدەکردەوە کە کۆتایی بە خۆم بێنم، چونکە زیندەگیم زێدە تاڵ بوو، وەلی چوار هۆکار نەیانهێشت دەستم بچێتە خۆم: تەنیایی و خەمی ناقۆڵای دایکم کە لە دوای من دە منداڵی ببوو، ستەمدیدە بوو بە دەست باوکێکی قومارچی و دەستوەشین و هەم جنێفرۆش، دووەمیان مۆسیقا بوو، نەک وەک ژەنیار، بەڵکو من گوێگرێکی هەمیشەیی مۆسیقا بووم، سێیەمیان کە دواتر هەموو ژیان ئاوەدان دەکاتەوە: ئەدەبیات بوو، چ وەک خوێندنەوە و چ وەک نووسین. چوارەمیان شاگەشکەبوونی من بە سینەما کە بۆ من دۆزینەوەی جیهانێکی هاوتەریب بوو لەتەک ئەدەبدا.ڕاستی من هاوسۆزی فەیلەسوفی یۆنان-یم کە «ئیپیکورس»ە کە بڕوای وابووە کە» ئەم ناچار نییە بیر لە مەرگ بکاتەوە تا ئەو ڕۆژەی دەژی، چونکە کە دەمرێت هیچ بوارێکی نەماوە بیر لە ژیان بکاتەوە»، وتەکەی ئەو فەیلەسووفە زێدە پەندئامێزە. هاوکات من بڕوام وایە کە سەگێکی زیندوو، گەر بەڕەڵلا و تۆڕیش بێت جوانترە لە شێرێکی مردوو کە پادشای دارستانە. ئەم ڕستانە بۆنی ژیاندۆستی لێدێت، بەڵام کابرای دیندار قیامەت دێنێتە بەرماڵەوە و پەلەیەتی بگاتە حۆرییەکانی ناو بەهەشت. ئەوەی کە لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاست دەگوزەرێت مەرگدۆستییە تا ئەوپەڕی شێتبوون.

***ئایین ڕۆڵیی هەیە لەوەی کە مەرگ جوان بکات؟**

_ شێرزاد حەسەن: بێگومان.. زۆریش بە داخەوە، بە تایبەتی مەرگ بۆ کەسانێک کە لەسەر زەمین گیرۆدەن. لە ڕاستیشدا مرۆڤ تاکە ئاژەڵێکە

کە نازانێت بژی. زۆربەی بیریار و دانا و زانا و فەیلەسووفەکانی کۆن و نوێ بەدبینن بەرامبەر توخمی مرۆڤ، لە هەنووکەدا ئاو و هەوا و خاک پیس و بۆگەن بوون، خەریکە ئەم ئەستێرەیەی ئێمە دەکوژێتەوە، دەی باشە.. بێجگە لە مرۆڤ کام گیاندار ئەو کارەی کردووە؟ گوایە مرۆڤ خەلیفەی خودایە لەسەر زەمین، دەی ئەگەر مرۆڤ درندەی خودا بووایە: چۆن شەڕانگێز و بەربادێکی لێدەردەچوو؟ ئایین رۆڵێکی گەورەی هەبووە لە رازاندنەوەی مەرگ، بگرە مەرگی کردووە بە فریادرەس و هەم گەیشتن بە فیردەوسی پڕ لە حۆری و غیلمان، بە تایبەتی ئایینی ئیسلام، مەگەر هەمووتان گوێتان لە تەلقینی سەر مردووەکانی خۆمان گرتووە کە مەلا دەژنەوێت، « لقد خرجت من دار الغرور.. و دخلت الی دار السرور. لقد خرجت من دار الفناء.. و دخلت الی دار البقاء» کە مانا کوردییەکەی سووک و پووچکردنی ژیان و دونیایە و ئەو دونیاش هەواری خۆشی و نەمرییە.

فتوحات و غەزەواتی ئیسلامییەکان بە درێژایی مێژوو مژدەی داوە بە جەنگاوەرەکانی کە گەر شەهادەت وەدەست بێنن، بە جلی خوێناوییەوە لە ناو بەهەشتدا دەرحاڵ زیندوو دەبنەوە. بگرە سوپای عوسمانلییەکان کە بەرەو هەر شوێنێک ئەسپیان تاو دەدات مژدەی ئەتک کردنی ژنان و کچانی غەیرە دینیان بە جەنگاوەرەکان دەدا، سەرباری تاڵانی و داگیرکردنی خەڵک و خاک پێکەوە. کەسێک بە قەد چۆلەکەیەک دەماغی هەبێت ئەو مێژووە خوێناوییە بخوێنێتەوە تێدەگات مۆتیڤی سێکس و هەوەس کە لە بەهەشت چنگ دەکەوێت بۆ شەهیدەکان شاخەونی خەونەکان بووە، هەمیشە مەرگ و سێکس دووانەی یەک سک بوون دەنێو ئەو کولتوور و میراتە شەرمهێنە.

کەسێک سورەتی « ئەنفال» بخوێنێتەوە دەزانێت چی دەڵێم کە هاندانە بۆ تاڵانی و ئەتک کردن، ئەی چۆن عەرەبی بیانان-نشین توانی بگاتە چین و هیندوستان و کوردستان و ئیسپانیا؟ بە چەپکە گوڵەوە چوون یان بە زەبری شمشێر داگیریان کرد؟

***لەناو ئەو هەموو کێشە و گرفتانەی ژیاندا، هەر لە نەفرینی نێرسالاری کە بۆ تۆ بووەتە کانگای ستەم، بیگرە هەتا ونبوونی مرۆڤ خۆی. ئایا ئەرکی ئەدەب هەمان پەیامی ئایین و سیاسەتی هەیە کە بانگەشەی بەخشینی ژیانێکی خۆش و شکۆمەندی و بگرە رازاندنەوەی بەهەشتێکە لەسەر زەمین یان لە ئاسمان؟ سەرباری ئەوەش دەنێو هەر دوو کایەی ئایین و رامیاریدا مرۆڤ بووەتە چەقی بیرکردنەوە و هەم نیازیانە بیکەن بە خودان ژیان و سروشت و بگرە هەموو گەردوون. ئایا وایە؟ ئەی ئەدەب نیازی بە چییە بە بەراورد لەتەک ئەو دوو بانگەشەیە کە تۆ خۆت گومانت لەوەدا چڕ بۆتەوە کە هەردووکیان زەریای خوێنیان بەرپا کردووە؟**

_شێرزاد حەسەن: ئەدەب هیچ ئایدۆلۆژیایەکی فەرمی نییە و بانگەشە و مژدەی هیچ بەهەشتێکی پێ نییە، هاوکات سوپەرمارکێتی نییە کە وەک هەر دوو کایەی سیاسەت و ئایین بە تەن خەون و هیوا و ئاوات بفرۆشێت. ئەدەب دژی ئایدیۆلۆژیایەکە کە فریوی مرۆڤ بدات بۆ مەرگێکی هەرزان، ئەدەب پێناسەی بۆ دۆزەخ و بەهەشت تەواو جیاوازە، بگرە گومانی لە هەردووکیان هەیە بەو شێوە رەهاگەرییەی کە ئایین و سیاسەت قوڵ لە قوڵدا باسی دەکەن.

ئـەدەب دژی هـەر چەشـنە «یوتۆپیا»یەکـە کـە دەکرێـت نـاوی بنێیـن شـاری خەونـەکان، بەڵکـو ئـەدەب ژیـان وەکـو خـۆی وێنـا دەکات کـە هەمـوو ڕەنگـەکان لـە خـۆی دەگرێـت، بـە قووڵیـش ئـەو توێکارییـە بـۆ زیندەگـی تاڵـی هەموومـان دەکات. ئـەدەب هیـچ دروشـمێکی زێڕیـن و خەونهێنـی نییـە تاوەکـو خەڵکێـک لـە دەوری خـۆی کـۆ بکاتـەوە، بـەڵام ئایدۆلۆژیـا ئاسـمانی و سـەرزەمینییەکان خەڵکیـان گـردەوە بـە نـاوی پیـرۆزی و ڕەهاگـەری و قۆرغکردنـی هـەر هەمـوو هەقیقەتـەکان و جەختکردنـەوە لەسـەر یەقینگەرایـی و فرۆشـتنی مـژدە و مزگێنـی بـە نرخـی خوێـن و فرمێسـک و ئارەقـە، کـە دیـارە ئەدەبیـات ئامـادە نییـە حیسـاب بـۆ هیچیـان بـکات. لـە هەمـووی گرنگـتر ئاییـن و سیاسـەت بـە بـێ «دۆگـما» و «یوتۆپیا» ناژیـن کـە ئـەدەب هەردووکیانـی تەڵاقـداوە، بەڵکـو کارکـردەی ئـەدەب بـۆ خـۆی گوماکردنـە لـە پیـرۆزی و دۆگـما و یۆتۆپیـا. مـن هاوسـۆزی وتەیەکـی گەوهـەرداری «ئەلبێـر کامـۆ»م کـە دەفەرموێـت، «ئاییـنی تـازەی مـن خـودی ئەدەبـە.» کـە دیـارە ئـەم وتەیـە بـۆ خـۆی گومانکردنـە لـە ئاییـن بـە مانـا هـەرە بـاو و ترادسـیۆنەکەی.


***کەواتە ناتوانین وەک فریادرەس تەماشای ئەدەب بکەین؟**

_ شێرزاد حەسـەن: نەخێـر و هەرگیز.. کـۆی پرۆژەی ئـەدەب و پەیامەکەی گومانکردنـە لـە هاتنـی فریـادرەس کـە ئاییـن و سیاسـەت کردوویانـە بـە پایـە و بناغـە و چەتـری خۆیـان، ئـەدەب بـە شـێوەیەکی ناراسـتەوخۆ خەونـی هاتنـی فریـادرەس و پاڵەوانـی ڕزگارکـەر هەڵدەوەشـێنێتەوە. هـەر بـە ڕاسـتیش کارەسـاتە لـە تـاو هەمـوو گرفـت و کێشـە و تەڵزگـە کۆمەڵایەتـی و ڕامیـاری و ئابوورییـەکان لەسـەر زەمیـن نەتەوەیـەک چاوەڕانـی فریادرەسـی دێوبەزێـن بێـت وەک لـە ئەفسـانەکاندا هاتـووە کـە پاڵەوانێکـی دێوبەزێـن دێـت خێـر و خۆشـی لەگـەڵ خـۆی دێنێـت، گرفتـی ئێمـە ئەوەیـە کـە بـەردەوام سـەرمان بـۆ ئاسـمان هەڵبڕیـوە و نـزا دەکەیـن فریادرەسـێکمان بـۆ دابەزێـت. دوا ڕۆمانـی مـن «دوا شـەوی دابەزینـی عیسـا» گومانـی منـە لـە خۆمـان وەک کـورد کـە لـە پەراوێـزی مێـژووش نزیـک نەبووینەتـەوە، چونکـە چاوەڕوانـی فریادرەسـین کـە ئەوەش بـۆ خـۆی ڕەگێکـی قووڵـی ئاینـی لـە خۆیـدا هەڵگرتـووە کـە بـە تەنیـا ئێمـە گیـرۆدەی نەبوویـن، بەڵکـو بـە درێژایـی مێـژوو لـە سـەردەم و قۆنـاغ و جوگرافیـای جیـاوازدا هـەر هەمـوو خەڵکانـی سـەر ئـەم ئەسـتێرەیە گیـرۆدەی بـوون، دیـارە هەندێـک نەتـەوە ڕزگاریـان بـووە لـەو خۆشـخەیاڵییە، بـە دیـدگای مـن لـە ڕۆژهەڵاتـی ناوەراسـتدا ئـەو وەهمـە لـە ترۆپکدایـە.


***کەواتـە ئـەدەب هۆشـیاری بەرهـەم دێنێـت و تێڕامـان و بیرکردنـەوەی مەردومگـەل زیـاد دەکات؟**

_شێرزاد حەسـەن: هەڵبەتـە ئـەدەب بـەو نـاسراوە کـە بۆتەیەکـە زۆرێـک لـە کـۆی زانیـاری و ماریفەتـی مەردمگەلـی لـە خۆیـدا کـۆ کردۆتـەوە، سـەرباری ئەزموونـی پـڕ و دەوڵەمەنـدی جوگرافیـا جیـاوازەکان، ئـەدەب بـۆ خـۆی خوانـی خۆشەویسـتی و کۆکردنـەوەی هەمووماننـە لەسـەر هەمـان سـفرەی داهێنـان و جوانـی، ئـەدەب خاوەنـی هەزاەهـا ئەندازیـارە کـە پـردی درێـژ و بتـەو و تۆکمـە لـە نێـوان خەڵکانـی هـەر حـەوت کێشـوەرەکە دروسـت دەکـەن کـە مەحاڵـە بڕوخێـت. ئـەدەب کەڵەکەبوونـی کـۆی هۆشـیاری و زانیـاری عەقڵـە گەورەکانـی سـەرجەم مرۆڤایەتییـە، هـەر ئەوەشـە وایکـردووە خوێنـەری هەمیشـەیی ئەدەبیـات بـۆ خـۆی دەبێـت بـە ڕەخنەگرێکـی ویـژدان زینـدوو، ئـەدەب هێـزی

سـازاندنی دیالـۆگ و فەراهەمکردنـی ڕۆحـی ئاشـتیەوانی هەیـە کـە ناهێڵێـت پـەرت و بـلاو ببینـەوە، ڕێـک پێچەوانـەی هـەر دوو کایـەی ئایین و سیاسـەتە، بـە تایبەتـی لای خۆمـان، کـە بـۆ هەمیشـە وایکـردووە خۆمـان بـە پیـرۆز بزانیـن و ئەواندیکـە گڵاو و چەپـەڵ، هـاوکات دەمانکـەن بـە دوژمنـی یەکتری بـە نـاوی جیاوازی بیـر و بۆچـوون و فەلسـەفەی سیاسـی جیاواز و خـودای جیـاواز و دڕدۆنـگ و مـۆن و کینەبـاز و شمشێروەشـێن. بـڕوای تـەواوم بـەوە هەیـە کـە دوورکەوتنـەوە لـە ئەدەبیـات و هونـەر کەسـانی سـاغلەم و ئـاوەزدار و عەقڵـزەدە دروسـت نـاکات. مـن لـە دوای تەواوکردنـی زانکـۆ پـتر ئاشـنا بـووم بە سایکۆلۆژیا و سۆسـیۆلۆژیا کە سـەر بـە زانسـتە مرۆییەکانـن، بـەڵام چونکـە لـە تەمەنـی چـواردە سـاڵییەوە بـە ئەدەبیـات ئاشـنا ببـووم، هەسـتم کـرد خوێندنـەوەم بـۆ ئەدەبیاتـی نەتەوەکانـی دیکـە ڕێـگای بـۆ کـورت کردوومەتـەوە کـە ئاسـانتر لـە سایکۆلۆژیا و سۆسـیۆلۆژیا کەڵـک ببینـم و قووڵـتر خـۆم و خەڵکـی بناسـم، دواتـر بـۆم دەرکـەوت کـە زانسـتە مرۆییەکانیـش سـوودێکی زۆریـان لـە ئەدەبیـات وەرگرتـووە، هـەر لەبـەر ئـەوەش بـووە کـە مـن زانیـم نووسـەرێکی وەک «دۆستۆیڤسـکی» هەمـان هێـز توانـای « فرۆیـد»ی هەبـووە لـە ناسـینی مـرۆڤ بـە هەمـوو ئـەو نهێنـی و گـرێ و تـرس و درمـە ڕۆحییەکانـی کـە کـەم و زۆر لـە نـاو هەمووماندا ڕەگـی داکوتـاوە. بـۆ مـن ئـەدەب نازەنیتریـن یـارە کـە هەمـوو ڕۆژێـک بـە ڕۆحێکـی تـازەوە پێشـوازیم لێـدەکات، ئەفسـوونی ئـەدەب لەوەدایـە کـە ماریفـەت و فیکـر و زانیـاری و ئەزموونـی هەمـوو دونیـا دەخاتـە بـەر دەمـی مـن، بـەڵام بـە خۆشـی و چێـژ و غەمێکـی سـەنگین و مرۆڤپەروەرانـە کـە هەمـوو ڕۆژێـک دەمکاتـەوە بـەو منداڵـەی بـۆ هەمیشـە سەرسـام بـم و بپرسـم و گومـان بکـەم.. بـەڵام هـاوکات نەهێڵێـت عاشـقی خـۆم بـم بـە دیـوە نارسیسـتی و خۆپەرسـتییەکەی.. بەڵکـو بـۆ هەمیشـە گومانـم لـە خـۆم هەبێـت کـە زۆرم مـاوە ببـم بـە نووەسـەر و ئینجـا مـرۆڤ... تائهـوو.. هێشـتا زۆرم مـاوە کـە منـی پێڕەوگـە بـە گاگۆڵکـێ بـۆی دەخشـم. دەی.. گوایـە مـن کرێـکار و شـاگردی نـاو دونیـای ئەدەبیاتـم.. دوا نیـازی خـۆم بـۆ ئێـوە دەدرکێنـم کـە لـەوەدا چـڕی دەکەمـەوە: گـەر ئەدەبیـات سـوود و کەڵکـی بـۆ هیـچ کەسـانێک نەبووبێـت، ئەوجـا منیـش وەک ئاغـزە نووسـەر سـوود و مانایەکـم بـۆ هیـچ کـەس نەبووبێـت.. وەلـی ئەوەنـدەم بەسـە کـە دوای دەیەهـا سـاڵ لـە کایەکردنـی مـن دەنێـو ئەدەبـدا هێـز و توانایەکـی بـە مـن بەخشـیوە کـە بـۆ هەتاهەتایـە لـە خورافاتـی «ئاییـن» و «سیاسـەت» و مزگێنـی و مـژدە فاڵسـۆکانی ڕزگارم ببێـت و نەشترسـم کـە تاوەکـو نـاو جەرگـەی جەهەننـەم ڕێبکـەم و باکـم بـە هیـچ نەبێـت..! دەی لـەوە جوانتر گەرەکە ئـەدەب چیدیکـەم پێببەخشـێت؟!



**داڕشتنەوەی بابەت : ئاسان عەبدوڵڵا**





# خۆکوشتن و نووسین

لەگەڵ: شەهید کەوڵۆسی

سازدانی: گۆران ڕەئوف

***دەمەوێت سەرەتا لەو پرسیارەوە دەست پێبکەم، کە ڕیشەیەکی دینی هەیە، مەبەست لێی ڕوداوی ئادەم و حەوایە، ئەوەی لەسەر هەڵەیەك فڕێدەدرێنە سەر زەوی و تەواوی نەوەکانیان باجی هەڵەی ئەوان دەدەن، کەوایە لەم گۆشەنیگایەوە شوێنی ڕاستەقینەی مرۆڤ بەهەشتێکە و زەوی بەجۆرێك لە جۆرەکان دۆزەخی ئەو بەهەشتەیە! پوختەی پرسیارەکەیە ئەوەیە: ئەو چرکانەی مرۆڤ هەست بە نائارامی دەکات و بیر لە شکۆمەندی خۆی دەکاتەوە، مەگەر ڕەوانییە ئیتر ڕەتکردنەوەی ئەم جۆرە لە ژیان؟ یاخود ڕەتکردنەوەی ئەم ژیانە لەپێناو ئەوەی هەستدەکرێت باجی هەڵەیەك دەدەن؟**

_ شەهید کەوڵۆسی: ئەوەی وەکوهەڵەیەک دەخرێتە ئەستۆی ئادەم و حەوا لە خواردنی سێوی عەدەن، هەڵەی تیۆری و میتۆدۆلۆژی بە دوای خۆیدا هێناوە، ئەگەر قەراربێت سێوەکەی عەدەن بەری درەختی مەعریفەو هۆشیارییبێت، کەواتە ڕاستەوخۆ بەر ئەو ئیپۆتیزە دەکەوین کە خودا نەیویستووە ئادەم و حەوا چاویان بکرێتەوەو لەبەری درەختی زانیاری و هۆشیاری بخۆن، چونکەخودا بەوە هۆشیار بووە کە تەنها چەکی مەرگی خۆی لە هۆشیاری ئەوی دیکەوە بەرهەم دێت،خودا لە بیبلدا بە ئادەم دەڵێت (ئەگەر لەبەری درەختەکانی عەدەن بخۆن دەمرن!) واتە مەرگ و فەنابوون مێژویەکی درێژتری بەر لە ئادەم و حەوا هەیە، ئادەم و حەوا بەرلەوەی فڕێبدرێنە سەر زەوی بە خواردنی میوەکانی عەدەن خودکوژیان کردووە خودکوژیەک لە نیوان کات و شوێن و خراپەو چاکەدا، بەڵام خودا لە ڕێگای ئەم سەرپێچییەوە دەیان نێرێت بۆ مەرگێکی درێژ خایەن و تۆزە تۆزە، ئەوەی وەک خود کوژی لای( ئادەم و حەوا) وەک سزای مەرگ لە لایەن خوداوە بۆتە قەدەری مرۆڤ لە کۆتایدا جگە لە فزولی و کونجکاوی هۆشیاری بەرامبەر بە خودا و دەوروبەر و خودی خۆت شتێکی دیکە نیە . مرۆڤ ناتوانێ تەنها دەست لە ملانی بەختەوەری بێت، وەک چۆن ناتوانێ بێکارو گیاندارێکی بەهەشتی بێت، واتە مرۆڤ بۆ ئەوە نەکراوە بێ ڕەنج و عەزاب و ئەشکنجە درێژە بە ژیان بدات. خودا بە تەواوی هۆشیارە بەرامبەر بەم ڕەگەزە نەسرەوتەی مرۆڤ، هەر بۆیە دەڵێت من تۆم لە خودی خۆم خوڵقاند، چونکە لە کۆتایدا خوداش کونجکاو و فزوڵی و کارگەرە، وەک چۆن مرۆڤ چێژ لە ئەشکەنجە دەبینێت هەروەها خوداش لەگەڵ ئازاردا سەروکاری هەیە. ئەگەر لە ئەفسانەی (ئادەم و حەوا) حەوا لە پەراسوی ئادەمەوە خولقابێ، ئەوە گومانی تێدا نیە کە بەشی خراپەی ئادەم بووە، بەوەدا کە حەوا ئادەم فریودەدات و سێوەکەی دەرخوارد دەدا.دواجار لە سەربوردەی (هابیل و قابیل)دا هەمان لایەنی شەڕو خێر دووبارە دەبێتەوە، لێرەوە دەکرێ بڵێین مرۆڤ لە پێناو ژیاندا جەنگاوە نەک لە پێناو مردندا، ئەوە مرۆڤە پشت دەکاتە خودا و باغەکانی، ئەوە مرۆڤە لە خودا یاخی دەبێ و بەرەو ژیان هەڵدێت، پرسیار لەسەر هەڵەی ئیختیاری هەڵبژاردنی بەهەشت یان ئەگەر ڕەوا بێت بڵێین دۆزەخ نیە، بەڵکو پرسیار ئەوەیە کە مرۆڤ خاوەنی بڕیارو یاخی بون و هەڵبژاردنی چاکەو خراپەیە، تەواوی سیناریۆکەی خودا لە باغی عەدەن لە پێناو تۆخ کردنەوەی ئەم ڕەگەزە نەسرەوت



و زەحمەت کێشەی مرۆڤدایە، نەک نەفرەتێک کە دەبێت باجەکەی بە ئەشکەنجەو ئازار بداتەوە، لە هەمووشی گرنگ تر یاخیبونی مرۆڤە لە خودا و لە کۆتاییدا ئادەم لە ئینجیلدا دەڵێت من ئیتر گەورەی گەردونم مەسولیەتی دروست کردنی ژیان وەک بەردێکی قورس دەخاتە سەر شانی خۆی و دەڕوا.

***گەر زەوی دۆزەخی بەهەشت نەبێت و مرۆڤ فڕێنەدرابێتە سەر زەوی و هەڵەیەکی وەك هەڵەکەی ئادەم و حەوا لە گۆڕێدا نەبێت، بەڵام دواجار لە مێژووی ئەدیبە خۆکوژەکاندا هەست بەوە دەکرێت پرۆسەی ژیانیان بە ڕەهایی ڕەتکردۆتەوە، بۆ وێنە (ڕۆمان گاری) بۆ ئەوەی پیر نەبێت خۆکوژی دەکات؟ یان (مارتا لنیش) بەرگەی ئەوەی نەدەگرت لۆچی دەموچاوی ببینێت بۆیە خۆکوژی دەکات؟ مەبەستمە بڵێم دیسانەوە مرۆڤ نایەوێت بگەڕێتەوە بۆ بەهەشتێك کە جیهانێکی نمونەیی بێت؟**

_ شەهید کەوڵۆسی: ئەوەندەی مرۆڤ بە دوای جەهەنەمدا گەڕاوەو سەرو سەودای لەگەڵ ئەشکەنجەداهەبوە، ئەوەندە خواستی بۆ هیچ بە هەشتێک نەبووە، لە ڕاستیا خود کوژی جۆرێکی ترە لە تام کردن و دەست لە ملانی ئەو دۆزەخەی ڕەدوی دەکەوێ، چونکە لە کۆتایدا مەرگ تاک و تەنهایە، ڕێگایەکی تاریک و بێ نیهایەتە، ئەشکنجەی کۆمەلێک پرسیاری بێ وەڵامە، خۆلاسەی سوتانێکی ئەبەدیە،ئەگەر پیربون و لۆچی دەموو چاو لای [رۆمان گاری] بەرکەوتنێکی ئیختیاری نەبێ، ئەوە هەلاتن لە لۆچەکانی دەموو چاو و پیری هەوڵێکی ئیختیاریە، خود کوژی لێرەیا دەگاتە کەماڵی دۆزەخ، ژان ژاک رۆسۆ دەربارەی جەهەنەمی لەزەت قسە دەکات، ئەو پێی وایە نوستن لەگەڵ بانویەکی نەجیبدا ئەوەندە لەزەت بەخشە وەک ئەوەی بە دلێکی خۆشەوە لە قوڵای دۆزەخدا سەما بکەیت، سەیرکە براکەم، چێژ و لەزەت  چۆن دەتوانێ دۆزەخێکی دڵ ڕفێنبێ، دواجار بۆچی ئەبێ ئەشکەنجەو ئازار فڕێدراو یان نەفرەت لێکراوێک بن لە لایەن مرۆڤەوە؟ لە کاتێکدا تاکە هیوای مرۆڤ لەو دۆزەخەوە دەست پێدەکاو هەر لەوێشدا کۆتایی دێت؟

*** بەگشتی قسەیەك هەیە کە بەچەندان شێوە کراوە دەربارەی ئەرکی بنەڕەتی ئەدەب، ئەویش ئەوەیە کە پێویستە ئەدەب لە خزمەتی مرۆڤ دا بێت، یان بە شێوەیەك لە شێوەکان ئەدەب یانی ئیشکردن لە جوانکردنی دنیادا، بە بۆچوونی ئێوە ئەم دیدە دیدێکی سروشتی ئەدەبە و هەر تێڕوانینێکی تر بۆ ئەدەب لەدەرەوەی پرۆسەی ئەدەبە؟**

_ شەهید کەوڵۆسی: بەتەسەوری من ئەوە مرۆڤەکە دەبێت لە خزمەتی ئەدەب دا بێت نەک بەپێچەوانەوە ئەدەب لە خزمەتی مرۆڤدا بێت. چونکە هەموو تاقەو خەیاڵی مرۆڤ لە هەوڵی ئەوەدایە کە ئەدەبێك بەرهەم بێنێت کە هیچی دەربارەی ژیان و سروشت وئەو ڕۆتیناتە پێنیە کە مرۆڤی ئاسایی لە هەموو کایەکانا بەڕێی دەکاو وە ئیشی لەسەر دەکات، یانی ئەدەب بە گشتی بریتیە لە جیهانێک کە تێیدا هەم خەیاڵ و هەم پێویستیەکانی مرۆڤ وە هەم تاقە گشتیەکانی مرۆڤ توانای کێبڕکێ و توانای ڕووبەڕوو

دیدار

بوونەوەی لەگەڵ ئەو جیهانەدا نەبێت کە ئەدەب بەرهەمی دێنێت ، ئەدەب لە بنەڕەتدا بریتییە لە بەدیهێنانی جیهانێکی تر وەک ڕلان بارت پێیوابوو ، واتە ئەدەب بەهەموو مانا کۆنکرێتیەکەیەوە بەڕای من بریتییە لە یاخی بوون لە (جیهانی باو) لەو جیهانە پێشکەش کراوەی کە بەدرێژایی هەزاران ساڵ مرۆڤ لە ڕێگەی خەیاڵ و تێفکرین و لە ڕێگەی تەئەمولاتی خۆیەوە بەرهەمی هێناوە ، تەنانەت هەندێ جار ئەدەب تەحەدای سروشت و ئەو پێدراوە گەردونیانەش دەکات کە توانای قسەکردنیان نیە و لە سەر زمانی ئەدەبەوە دێنە قسە کردن ، لەبەر ئەوە من بە پێچەوانەوە وای دەبینم کە ئەدەب لە خزمەتی مرۆڤایەتیدا نیە، بە پێچەوانەوە ئەوە مرۆڤایەتی وتەواوی گەردوونە لە خزمەتی ئەدەب و تاقەو توانای سنوورە دوورو درێژەکانی ئەدەب دایە ، ئەدەب نایەتە ناو چوارچێوەی خواستەکانی مرۆڤەوە بە پێچەوانەوە مرۆڤ دەتوانێت لە نێو چوارچێوە بەرفراوانەکانی ئەدەب دا جێگای خۆی بکاتەوە.

پرسیارەکە ئەوەیە کە داخۆ مرۆڤ دەتوانێت لە نێو ئەو چوارچێوانەی کە ئەدەب دیاری دەکات بۆ خەیاڵ و چێژو، بۆ دونیا بینی و،وە بۆ باش و خراپ ، جوانی ناشیرینی ،هەموو ئەگەرەکانی تر، جێگای خۆی دەکاتەوە یاخود نا .

*** گەر ئەدەب بۆ ئەوە بخولقێت کە لە خزمەتی مرۆڤدا بێت، ئایا ئێمە تووشی ئیشکالییەت نابین لەبەرامبەر پێناسەی (خزمەتی مرۆڤ)؟ یانی دەمەوێت ئەوەت پێ بڵێم: کە ڕەنگە لای مرۆڤێکی ڕەشبین یان بەسروشت ڕەشبین خزمەت ئەوەبێت کە پرۆسەی ژیان ڕەتبکاتەوە؟ بۆیە لێرەدا نوسینی ئەو نوسەرە ڕەشبینە لەخزمەتی مەرگدۆستیدا دەبێت؟ جەوهەری پرسیارەکە ئەوەیە: بەدەر لە چێژ، ئایا ئەدەبێک کە لە خزمەتی مەرگدۆستی و لە خزمەتی هەڵهاتن لە ژیان و گاڵتەکردن بە پرۆسەی ژیان بێت، تاچەند خزمەتە بەو پێناسەیە کە گەر ڕێکەوین ئەدەب پێویستە لە خزمەتی جوانترکردنی ژیاندا بێت؟**

_ شەهید کەوڵۆسی: هەوڵدەدەم وەڵامی ئەم پرسیارە بە جۆرێکی تر بدەمەوە, چونکە پێشتروەڵامی ئەم پرسیارەم بە کورتی دایەوە ، ئەدەب ناتوانێت پێناسێکی تایبەتی هەبێت بۆ ژیان و بۆ مەرگ، بۆ ناشرین کردنی دونیاو وە بۆ جوانکردنی دونیا، ئیشی ئەدەب ئەوە نیە کە جیهانێکی ستاندارمان بۆ پێشنیار بکات کە مرۆڤە ڕەشبین یان گەشبینەکان بە دواییەوەن ، یان کە خوازیاری ئەوەن کە بتوانن هاوتای ئەم مۆدێلە لە ژیان لە ئەدەبا بەرجەستە بکەن ، ئەو مردنەی کە ئەدەب پێشنیاری دەکات، یان ئەو خود کوژییەی کە ئەدەب پێشنیاری دەکات، ئەو جیهان دۆستی و ستاتیکایەی کە لەئەدەبا پێشنیار دەکرێ، هەمان ئەو جیهان بینی و خودکوژی و ڕەشبینیە نیە کە مرۆڤێکی ئاسایی حەتا نوسەرێک داوای دەکات، ئەدەب بە هەموو مانایەکیەوە قوڵبوونەوەیە لە ناو کۆمەڵێک بابەت و کۆمەڵێک گریمانەی زۆر ئاڵۆز بەیەکداچوو کە زمان دەورێکی کاریگەر دەبینێت لە گێڕانەوەیدا، هەروەها بەگەڕخستنی توانای قسەکردنی توخمەکانی تر لە ئەدەبدا وەک قانع چۆن لەسەر زمانی پوولەوە قسە دەکات ، یان شێرکۆ بێکەس چۆن کورسی دێنێتە زمان،



نـەک ئـەوەی کـە ئـەدەب بێـت لەسـەر خواسـتی عاشـقێك یـان لەسـەر خواسـتی ڕەشـبینێک یـان گەشـبینێك بدوێـت، یانـی ئیشـی ئـەدەب ئـەوە نیـە کـە بێـت مۆدیلێـک لـە ژیـان کـردن بـۆ ئێمـە دیـاری بـکات کـە پێـمان وابێـت ئیـتر ژیـان لـە دوای ئەمـەوە بـەرەو جوانـی و بـەرەو ڕەفاهییـەت دەڕوا، بـە پێچەوانـەوە ئیشـی ئـەدەب بریتیـە لـە تۆخکردنـەوەی یاخـی بوونەکانـی خـۆی و پاڵنـان بـە توانـای خەیاڵـی خۆیـەوە بـەرەو ئـەو جیهانـەی کـە خـۆی بەدیدێنێـت، خەریکـی دروسـت کردنـی کاراکتەرەکانی خۆیەتـی وە خەریکـی دروسـت کردنـی موناتالیتێـی توخمەکانـی خۆیەتـی لـە نـاو ئـەو جیهانـەی کـە ئـەو پێـش کەشـی دەکات ، ئەگـەر ئێمـە پێـمان وابێـت ئەدەبێـک هەیـە کـە دەیەوێـت ڕاسـتەوخۆ یـان ناڕاسـتەوخۆ مـرۆڤ بانگهێشـت بـکات بـۆ ئـەوەی لـە ڕێگەیـەوە جۆرێـک لەژیـان ئیختیـار بکەیـن، یـان جۆرێـک لـە ژیـان ڕەد بکەینـەوە، ئـەوە نەمانتوانیـوە بـە باشـی لـە ئـەدەب تێبگەیـن، وە ئـەدەب لـە ڕاسـتیدا ناتوانێـت هیـچ کۆمەکێکـی ئێمـە لـەم دۆخـەدا بـکات .

*** قسـەیەك هەیـە کـە دەڵێـن ئـەو ئەدیبانـەی ناتوانـن پرۆژەیەکـی ئەدەبـی تـەواو بکـەن، دواجـار کۆتایـی پرۆژەکـە بـە خۆکوشـتنی نوسـەرەکە کۆتایـی دێـت، یانـی دەمەوێـت بڵێـم ئەمـە یانـی ئـەوەی ئەدیبـەکان پەیوەندییەکـی زۆر ڕۆحیـان لەگـەڵ بەرهەمەکانیانـدا هەیـە؟**

_ شـەهید کەوڵـۆسی: ئەبـێ ئێمـە ئـەو ڕاسـتەقینەیە بزانیـن کـە ئەدیـب و نوسـەران لـە دەرەوەی ژیانـی ئاسـایی و ژیانـی فامیلیالـی خۆیـان نیـن ، ئەوانیـش وەک هەرکەسـێکی تـر خاوەنـی گیروگرفتـی سیاسـی و کۆمەڵایەتـی و هەروەهـا ئابووریـن، ئەوانیـش وەک هەرکەسـێکی تـر ڕۆژانـە بـەر دەیـان کێشـەی جـۆراو جۆر دەکـەون، بەرگـە گرتنـی داودەزگا گشـتیەکان و گرفتـە خێزانیـەکان و شـێوازی بەڕێوەبردنـی ژیـان و وڵات کاریگـەری تەواوەتـی لەسـەر بیرکردنـەوەو دەروونـی ئەمانیـش هەیـە ، لەبـەر ئـەوەی کەرەسـەی خۆکوشـتن لای نوسـەرێك بـە پلـەی یەکـەم ئەدەبەکـەی نیـە، بـە ئەنـدازەی ئـەوەی ئـەو جیهانەیـە کـە ڕۆژانـە بـەری دەکەوێـت و مامەڵـەی لەگەڵـدا دەکات، لەبـەر ئـەوە ئێمـە ناتوانیـن بابەتـی خۆکوشـتنی نوسـەرێك بـەوەوە ببەسـینەوە کـە نەیتوانیـوە پرۆژەیەکـی ئەدەبـی تـەواو بـکات، ڕەنگـە نائومێـدی هەنـدێ جـار بەشـێك بێـت لـە هـۆکاری خۆکوشـتن وەک چـۆن لای ئەدیبێـك یـان ڕەنگـە لای بەقاڵێـک ، یـان لای شـوفێرێك یـان عاشـقێك کـە لـە ڕێگـەی دژواری دەروونیـەوە ڕەنگـە خۆکوشـتن ڕووبـدات، بـەڵام ئەمـە مانـای ئـەوە نیـە کـە ئەدیبێـك نەیتوانیـوە پرۆژەیەکـی ئەدەبـی تەواوبـکات کەواتـە خـۆی دەکوژێـت، لـە هەنـدێ جێگادائێمـە بۆمـان دەردەکەوێـت کـە خۆکوشـتن لـە ڕاسـتیدا دەبێـت بـە بەشـێک لـە ژیانـەوە لای هەندێـك لـە ئەدیـب، جۆرێـك تاکتیـك بـە کاردەهێنرێـت لـە ڕێگـەی خۆکوشـتنەکەیەوە کـە سـوکرات یەکێکـە لـە ئـەو کاراکتـەرە زۆر بەهێزانـەی کـە لـە ڕێگـەی خواردنـەوەی پەرداخێـک ژەهـرەوە خـۆی لـە نـاو چەمـک و واتـا و فەلسـەفەکەی خۆیـدا خـۆی زینـدوو دەکاتـەوە و خـۆی بەرجەسـتە دەکات و ئەبەدیـەت بـۆ خـۆی مسـۆگەر دەکات ، وەبەشـێکی زۆر لـەو ئەدیـب و شـاعیرو نوسـەرو مۆسـیقارو فەیلەسـوفانەی کـە خودکوژییـان کـردووە ویسـتوویانە خودکوژییەکەیـان ببێتـە مەکینـەی نەمریـان ، یـان

بارانگۆڤارێکی ئەدەبیی وەرزییە 305
دەزگای ئایدیا بۆ فکرو لێکۆڵینەوە دەریدەکات

## دیدار

ئەگەر بمانەوێت نموونەیەکی زیندووی ئەم چەند ڕۆژانەی پێشوو بێنینەوە مەبەستم لە بڕیارەکەی ( کاروان کاکە سوورە ) کە بڕیار دەدات ئیدی نەنووسێت ، کە بە جۆرێکی تر ڕەنگە ئەمە وەک کردەی خۆکوژی یان نووسین کوژی لێک بدرێتەوە، بەڵام لە ڕاستیدا بابەتەکە لەمە گرنگترە کاروان کاتێک دەڵێت ئیتر لەم ڕۆ بە دوا نانووسم ، ناڕاستەوخۆ دەیەوێت بمان گەڕێنێتەوە بۆ سەرلە نوێ ژیانەوەی خۆی، ئەو دەیەوێت جارێکی تر سەرنجی خوێنەران و نووسەران و ڕەخنەگران بۆ لای خۆی و پرۆژەی نووسینەکانی ڕابکێشێت، ئەم مانگرتنەی ئەو لە نووسین مانگرتنێکە کە لە هەوڵی گەڕاندنەوەی ئەوانی تردایە بۆ نێو چەقی دەقەکانی، واتا کاروان ئەگەر قەستی نەنووسینی هەبایە بێدەنگ ئەمکارەی دەکرد، نەک هەرچی هاواری گەروویەتی بیهێنیتە دەرەوە ، نەک بێت و خاڵ بە خاڵ دەربارەی هەستی دەستبەرداربوونی لە نووسین بۆ ئێمە قسەبکات، بە دیوێکی تردا دەمەوێت بڵێم کە ئەگەر خودکوژی لای نووسەرێک ڕوویدا واتای ئەوەیە کە بابەتێکی بۆ تەواو نەکراوە یان گەشتووە بەکەماڵ ئیدی کارێکی نیە دەبێت خۆی بکوژێت، بەڵکو بە پێچەوانەوە ئەگەر حاڵەتێکی وا ڕوویدابێ بە واتای گەڕانەوەیە بۆ ژیانێکی ئەبەدی، یان بۆ درەوشانەوەیەکی ئەبەدی ، نەک بیەوێت کە پرۆژەی نووسین بکات بە بیانوو خودکوشیەکەی کە ئێمە هیچ نموونەیەکی وامان بەردەست نیە ،جگەلەوەی کە واقیع دەتوانێت ئەو حاڵەتە فەرز بکات بەسەر هەر یەک لە شۆفێرێك یان ئەدیب و نوسەرێك کە





**شەهید کەوڵۆسی**

**ماستەری هەیە لە فەلسەفەدا لە زانکۆی ژان مۆلان لە فەرەنسا خێزانداره و ئێستا لە وڵاتی فەرەنسا دەژی.**

لە ڕێگەیـەوە بەرگـەی ژیـان نەگـرن و یـان ژیـان وەک گرفتێـکی گـەورەی دەروونـی و ڕۆحـی تەماشـا بکـەن کـە کۆتایـی بـە تـەواوی پەیوەندییەکانی خـۆت و دونیـای دەرەوە بەئەدەبیشـەوە دێنێـیـت. هەمنگوایـی کـە لـە کاتێـکدا هاوسـەرەکەی لـە خـەودا بـوو خـۆی کوشـت ، هـاوڕێ کـەی لـە یـادی پەنجاوپێنەمیـن سـاڵڕۆژی مردنەکەیـدا ئـەوەی گێڕایـەوە کـە ئـەم لـە ڕق و خۆخواردنـەوەی بەرامبـەر دەزگای هەواڵگـری (ئێـف بـی ئـای ) ئەمەریکـی کـە ماڵەکەیـا ن خسـتۆتە ژێـر چاودێرییـەوە خـۆی کوشـتووە ، تـا شـوێنێک کـە ئـەم هاوڕێیـەی بۆمـان دەگێڕێتـەوە هەمنگوایـی ووتویەتـی ( ژیانـم بـووە بـە جەهەنـەم، یـەک جەهەنەمـی ڕاسـتەقینە ، لەهـەر شـوێنێکدا دەنـگ هەڵگرەوەیەکیـان دانـاوە ، تەنانـەت لـە نێـو ئۆتۆمبیلەکەشـمدا، ئـەوان نامەکانـم دەکەنـەوە و تەنانـەت چاودێـرن بەسـەر تەلەفونەکەشـمەوە ).

*** ئەدیبـەکان بـە گشـتی خـاوەن چەنـدان خەسـڵەتی تایبـەت بەخۆیانـن: مرۆڤگەڵێکـی تەنیـان، گۆشـەگیرن، یاخیـبن، پەراوێـزن.. هەسـتناکەن کـۆی ئـەم خەسـڵەتانە یەکسـانە بـە هەڵهاتنـی ئەدیـب؟ یـان بـە واتایەکـی تـر هەڵهاتـن لـە واقیـع، هەڵهاتـن لـە کـۆی ئـەو حاڵەتـە دەروونییانـەی لەگەڵیانـدا دەژی و ڕەتیـان دەکاتـەوە، بـەڵام دواجـار ئـەو ئەدیبانـە هەنگاوێکـی تریـان لـە پێشـە، ئەویـش کۆتاییەکـەی بریتییـە لـە خۆکوشـتن، چونکـە گـەر هەڵهاتنیـان لـە کۆمەڵـگا و واقیـع جۆرێـك بێـت لـە شکسـت ئـەوا بەدڵنیاییـەوە لـە دونیایەکـی نمونەیـی و خەیاڵیـدا قوڵـتر تووشـی ئـەم شکسـتە دەبنـەوە، بۆیـە دەکرێـت بڵێیـن ئەدیبـی یاخـی و ڕاسـتەقینە دوا مەنزڵـی خۆکوشـتنە؟**

_ شـەهید کەوڵـۆسی: ئێمـە هیـچ ئەدیبێـک و هیـچ نوسـەرێکی



وانابینیـەوە کـە ئـەم جـۆرە لـە گۆشـەگیری و ئـەم جـۆرە لـە پەراوێـز بـوون و یاخـی بـوون لای قوڵبووبێتـەوە کـە خۆکوشـتن بووبێـت بـە بەشـێک لـە تەواوکردنـی ئـەم پرۆژەیـە ، سـەدان نموونـەی ئەدیبـی بـەرز و باڵامـان هەیـە کەتـا دواترۆپـک عاشـقی ژیـان بـوون، لـە شـوێنە خۆشـەکاندا ژیـاون، چێژیـان بینیـوە ئیـدی لـە دۆستیوڤیسـکیەوە بیگـرە تـا مارگرێتـا دۆراس و هارۆکـی مۆراکامـی و لـۆران گـۆدەی نووسـەری هاوچەرخـی فەرەنسـی تـا مارکیزکـە لـە کتێبـی ژنەکانـی نـاو ژیانیـدا ئەمـە دەگێڕێتـەوە ، بـە پێچەوانـەوە پیاوێکـی وەک ئەلبێـر کامـۆ زۆرتریـن چێـژ دەبینێـت تـا بتوانێـت زۆرتریـن خەیـاڵ بـکات لەگـەڵ ئەدەبەکەیـدا لەبـەر ئـەوە حاڵەتێکـی وا لـە ئەدەبـا نیـە کـە مـادەم تـۆ نوسـەرێکی ڕاسـتەقینەیت دەبێـت گۆشـەگیربیت مـادەم تـۆ نوسـەرێکی ڕاسـتەقینەیت

دەبێت دەبێت یاخی بیت، مادەم تۆ نوسەرێکی ڕاستەقینەیت دەبێت خۆکوشتن بکەیت بە مەرجێك بۆ ڕاستەقینە بوونی ئەدەبەکەت . ڕەنگە ئەدەبی کوردی تا ڕادەیەکی زۆر خاوەنی ئەم دیدە ناسەقامگیرو ڕەشبین و داڕزاوەبێت بەرامبەر بە ژیان، بەڵام سەرلەبەری ئەدەبی ئێمە هەڵدەرەوە ئەم هەموو ڕەشبینی و گۆشەگیری و نائومێدیە هیشتا نەیتوانیوە تاکە نوسەرێکی ئێمە بگەیەنێتە باوەڕی خودکوژی، واتە تەنها یەک حاڵەتی خود کوژی لای نوسەرو ڕۆشنبیرانی ئێمە لەبەر نائومێدی و تەواو نەبونی پرۆژە ئەدەبیەکانیان تۆمار نەکراوە. بەڕای من هۆکارەکەی دەگەڕێتەوە بۆ کامڵ نەبونی خواستی ئازادی لە هەڵبژاردنی چۆن ژیانێکی، وە بۆ سەلاماندن و مومارەسەکردنی ئەو ئازادییە زیهنی و فیزیکییەی کە ئەگەر لە دەرەنجامی هاتنەدونیاو قبوڵ کردنی بەها کلتوریەکانیەوە وەک مافێک لێی زەوت کرابێت ئەوە بە دڵنیایەوە کردەی خودکوژی پرۆسەیەکە تێیدا ئازادی ڕۆحی و زیهنی و فیزیکی تێیدا دەگاتە کەماڵ، بە کورتی و تۆخی ئەمەوێت بلێم، تاکی کورد هێشتا لە بەدیهێنانی ئازادیە ڕۆحی و زیهنی و فیزیکیەکانیەوە دورە بایی ئەوەنیە تەنانەت بیرلە خۆکوشتینیش بکاتەوە جگە لە هەنێ ڕوتوشی ئەدەبی.

*** «ئاسمان ناوبانگیم لێ زەوت دەکات، ئەویش مەزنترین دەستکەوتە لە دونیادا، بۆیە منیش وەك منداڵێکی سەرکەش بەخشندەییەکانی تری فڕێدەدەمەوە بە ڕوویدا، هەر بۆیە کۆتایی بەو ژیانەم دێنم دەستەبەری کردووە بۆم، کە ئەویش مەرگی جوانی نێو مەیدانی جەنگەکانە. هاوکات زۆر دڵخۆشم بەبیرکردنەوە لە گۆڕی مەزنی بێ کۆتا». ئەمە لە یەکێك لە نامەکانی هاینریش ڤۆن کلایست-دا هاتووە کە بۆ ئۆرلیکەی خوشکی دەنێرێت، ئەم ڕەتکردنەوەیە و دواجار خۆکوشتنی کلایست، لەو خاڵەوە سەرچاوە ناگرێت کە مرۆڤ بونەوەرێکە بەشوێن کەماڵبوندا دەگەڕێت هەستدەکات ئەم زەوییە شوێنی ئەو نییە و پێویستە لە دونیایەکی کامڵتر دا ژیان بکات؟ یان بە دیوێکی تردا، مرۆڤێکە لە دۆخێکی نائاسایدا کە توڕهیە لە خودا و لە ئاسمان بۆیە ژیان بە ڕهایی ڕەتدەکاتەوە و چێژ لە گۆڕ دەبینێت؟ دەکرێت پرسیارەکە وەهابکەین: ئاسایی نییە مرۆڤێك سروشتیانە رقی لە ژیان بێت؟**

_ شەهید کەوڵۆسی: من لە گەڵ ئەم بیرکردنەوەیەدا نیم، چونکە ئەم بیرکردنەوە بیرکردنەوەیەکی ئایدۆلۆژییە، لەم ژیانەدا ژیانێکی ئیدیال نادۆزێتەوە، وە لە ڕێگەیەوە دەیەوێت کۆمەڵێک نەفرەتی هەیە بیڕێژێت، یان ڕوو بەڕووی کۆمەڵێک بێدادی دەبێتەوە کە دەرقەتی نایە، یان حاڵەتەکە هەندێجار دەگاتە ئەو ڕادەیەی کە فەیلەسوفێکی وەک میشێل ئۆنفرێ لە جێگەیەکدا باس لەوە دەکات کە لە ناوەوەی هەر نوسەرێکدا جۆرێك لە [ئیگۆ] هەیە کە هەمیشە دەیەوێت دەربارەی جوانی خەیاڵی خۆی و مەزنی بیرکردنەوەی خۆی قسەبکات، وە بەردەوام دونیای دەرەوە ڕەد دەکاتەوە،ئەم ڕەدکردنەوەیەی دونیای دەرەوە جۆرێکە لە [ئیگۆ] کە تۆ ناتوانیت جوانیەکانی دونیای دەرەوەی خۆت قبوڵ بکەیت، لەبەر ئەوە ئیگۆ نەخۆشیەکی دەروونیە کەبەداخەوە زۆر لەو ڕۆشنبیرو نوسەرانە هەڵگری ئەم جۆرە ڤایرۆسەن، هەندێ نووسەر ئەگەر لە ڕێگەی ئەم ئیگۆیەوە دەست



بەرداری ئەم ژیانە بووبێتن مانای ئەوە نیە کە تەواوی ئەدیبانی دونیا بەهەمان حاڵەتەوە ئەم مامەڵەیە لەگەڵ دونیادا دەکەن، ئێمە ئەگەر داتایەک بێنین ، مەبەست داتای ئەوانەی کە خۆیان دەکوژن لە دونیادا بەروارد بە نوسەران و ئەدیبان و مۆسیقاران و فەیلەسوفەکان بکەینەوە دەبینین کە ڕێژەیەکی ئێجگار کەم نوسەرو ڕۆشنبیرو ئەدیب خۆیان کوشتووە بە بەراورد بە چین و توێژەکانی دیکەی کۆمەڵگا، ئەوەی کەدەمەوێت دووبارەی بکەمەوە ئەوەیە ئەدیب و نوسەرانیش بوونەوەرگەلێکی واقیعین، بەریەککەوتنمان لەگەڵ گرفتەکان چرکەساتیەو بەردەوام لەبەریەکەوتنداین لەگەڵ توخم و رەگەزەکانی تر، ئێمەش وەک هەرکەسێکی تر دەتوانین بەرگەی بگرین و وەدەتوانین بەرگەی نەگرین ، ئەمە بەو مانایە نایە کە تۆ مادام نووسەر بیت ئیدی لە دەرەوەی ئەم هاوکێشانەیت، بە پێچەوانەوە ئێمە نوسەرێکی گەورەی وەک (گارسۆن باشلار)مان هەیە ،کە ئەگەر چی یەکێکە لە فەیلەسوفە مۆدێرنەکانی دونیای فەرەنسی و قورسایی خۆی لە دونیای ئەکادیمیدا هەیە، بەڵام ئەو پێی وایە کە فەلسەفە جگە لەوەی کە پیشەیەکە وەک پیشەکانی تر هیچ شتێکی تری ئیزافی نیە، ئەوە نیە کە تۆ خۆتی بۆ گۆشەگیر بکەیت و تەرکی دونیای بۆ بکەیت ،ئەم پیاوە گەورەیە تەنانەت ڕازی نیە بە مامۆستاش بانگ بکرێت ، چونکە وەک خۆی دەیڵێت ئەم کەسێکە کارێکی لەم بوارەدا دەست کەوتووەو خەریکی ئیشێکی سادەو ساکارە ، چونکە نوسەرانیش دواجار لە ناو کۆمەڵگادا وابەستەن بە کۆمەڵێک عەقدی گەورەوە ،ئیدی لە خێزانەوە بیگرە تا کۆمەڵگا و تا پەیمانە جڤاکی و یاسایی و سیاسی و ئیداریەکان، کە درێژە بەم ژیانە ڕاستەقینەیە دەدات ، بۆیە ئەدیب لە دەرەوەی ئەم یاریە نیە.

***ڕۆماننوسی ئیتاڵی چێزاری پاڤێزی خۆکوشتنی خۆی ڕاگەیاند بەوەی کە خۆشترین شتە لە ژیانیدا! ئەم چێژە بۆ ڕۆمانوسێك کە پێیوایە خۆکوژی خۆشترین شتە، لای ئێوە کام دەلالەتی تێدا دەبیننەوە؟ یان بەواتایەکی تر ئەزمونێك کە تاقی نەکراوەتەوە چ هۆکارێك وادەکات ئەو دروشمە بەرزکاتەوە کە خۆکوشتن خۆشترین شتە؟ ئایا گەر خۆکوشتن خۆشترین شت بێت، کەوایە ژیان گاڵتەجاڕییە و ناخۆشە؟**

_ شەهید کەوڵۆسی: ئەلبێر کامۆ لە شوێنێکدا قسەیەکی جوان دەکات ئەو پێی وایە ئەگەر مردن نەبوایە ژیان تەحەموول نەکراو دەبوو، بە جۆرێك مرۆڤ هەر لەگەڵ یەکەمین ڕۆژی لەدایک بوونیدا کۆتایی بە ژیانی خۆی دەهێنا، مادام مردنێك هەبێت مرۆڤ دەتوانێت بەرگەی تەواوی سەرکێشیەکانی ژیان بگرێت، لە شوێنێکی تردا پێموایە کە سپینۆزایە وا بیر دەکاتەوە ( ئەگەر لەدایک بوون ئیختیار نەبێت ئەوا مردن ئیختیارییە ) بە جۆرێك مرۆڤ دەتوانێت هەموو چرکەیەک کۆتایی بە ژیانی خۆی بێنێت، لە ڕاستیدا خودکوژی یەکێکە لە تاقانەترین ئازادییەک کە مرۆڤ هەیەتی، هەندێ شکۆمەندی ( وەک لای سامۆراییەکانی ژاپۆن) هەیە تەنها لە ڕێگەی خودکوژییەوە دەتوانرێت بەدیبهێنرێت، لەبەر ئەوە خودکوژی لەگەڵ ئەوەی کە سنووری ئازادییەکانی تۆ دەسەلمێنێت، هیچ هێزێکی تر ناتوانێت بێت ڕێگری لەم ئازادییە بکات، چونکە خودکوژی لە کۆتاییدا بڕیارێکی تاکە کەسی و کۆنکرێتیە کە تاکەکەس دەتوانێت لە ڕێگەیەوە بگات بە شتێک لەو شتەی کە دەیەوێت، یان بەدیوێکی ترا بگات بە

ئـەو ناشـیرینیەی وەك ئاینـەكان باسـی دەكـەن تـۆ چەنـدە دەتوانـی لـە ڕێگـەی ئـەم خۆكوشـتنەوە نەفرەتەكانـی خـۆت بنێریـت وەک کلـۆد لیڤـی شـتراویس کـە لەسـەر قەرەوێڵـەی خەسـتەخانە لـە دوا نەفەسـیدا گوتـی ( ئـەم جیهانـە ئـەو جیهانـە نەبـوو کـە مـن ئاواتـە خـوازی بـووم ، یانـی بـە جۆرێکـی تـر ئـەم پیـاوە هێشـتان ئامـادە نەبـوو بەدرێژایـی سـەد سـاڵ دەسـتبەرداری ئـەو ژیانـە ببێـت کـە بەدڵـی نەبـووە، سـەرەڕای ئـەوەش بەرگـەی گرتـووەو خودکـوژی نەکـردووە، یانـی دەمەوێـت بڵێـم کـە خۆکـوژی ئەوەنـدەی پەیوەنـدی بـە ئـازادی تاکـەوە هەیـە ، ئەوەنـدە پەیوەنـدی بـەوەوە نیـە کـە مـادەم تـۆ نوسـەریت دەبێـت خـۆت بکوژیـت ، واتـە بـە گشـتی قسـەی مـن ئەوەیـە، مـرۆڤ بـەر لـەوەی مەرگدۆسـت بێـت ژیـان دۆسـتە، مـرۆڤ بـەر لـەوەی نەفرەتـی هەبێـت لـە ڕاسـتیدا هاوسـۆزە لەگـەڵ کـۆی تۆخمەکانـی دەوروبـەری خۆیـدا، مـرۆڤ بـەر لـەوەی بیەوێـت یاخـی ببێـت و سـنوورەکان ببەزێنێـت، لـە ڕاسـتیدا خەریکـی تۆخکردنـەوەی سـنوورەکان و دەسـتەمۆکردنی تێکـڕای ئـەو توخمانەیـە کـە لـە ڕێگەیـەوە دەتوانێ هەناسـەبدات، واتـە مـرۆڤ ئەوەنـدە بونەوەرێکـی جوانبینیـە ئەوەنـدە مرۆڤێکـی وا نیـە کـە لـە ڕێگـەی تۆخکردنـەوەی ناشـیرینەکانەوە و لـە ڕێگـەی بەزانـدن و یاخیبوونـی تـەواوی ئـەو توخمانـەی کـە لـە بەینـی دووکەوانـەدا دونیـا ناشـیرین دەکـەن. ئەمـە خواسـتی مـرۆڤ نییـە بـە سروشـت ، بەڵکـو لـە کۆتایـی یاریەکـەدا وەک لڤیـس شـتراویس نیشـانمان دەدات کـە ئایـا ئێمـە ژیانێکـی چۆنمـان تێپەڕانـد؟ وە بەرگەگرتنـی ئـەم دژوارییانـەی ژیـان بـۆ هەمـوو مرۆڤێـک تـا کۆتایـی چێـژ وەرگرتنـە، مـرۆڤ چێـژ لـە ئـازارو فرمێسـک و لـە تـەواوی ئـەو ئەشـکەنجانە وەردەگرێـت کـە لـە ڕێـگای دوورودرێـژی ژیـان کردنـدا ڕووبەڕوویـان دەبێتـەوە ،دواجـار وەک کامـۆ دەڵێـت ئەگـەر چێـژی مـردن نەبوایـە نەماندەتوانـی بەرگـەی ژیـان بگریـن ئەگـەر ڕەوابێـت ژیـان بـەو دۆزەخـە وێنـا بکەیـن کـە خـودا وەک سـزایەک و مـرۆڤ وەک ئیختیارێـک قبوڵیـان کـرد.

